شانۆنامە[1]

# مۆبایلی پیاوی مردوو[2]

نووسەر:

## سارا ڕۆوێڵ[3]

وەرگێری فارسی :

## مازیار معاونی

وەرگێران لە فارسییەوە:


## ڕەحمان عەزیزی



چاپی یەکەم: ٢٠٠٨-ئەم شانۆگەرییە لەلایەن گروپی پەیوەندییەکانی شانۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا « Theatre Communications Group »بڵاوکراوەتەوە.

-١ DEAD MAN'S CELL PHONE

٣ _Sarah Ruhl




**کەسایتییەکان:**

**١- ژنێک بە ناوی جین**

**٢- پیاوێکی مردوو بە ناوی گۆردۆن**

**٣- دایکی گۆردۆن، خاتوو گۆتلیب**

**٤- بێوەژنەکەی گۆردۆن بە ناوی هێرمیا**

**٥- برای گۆردۆن، وایت**

**٦- ژنێکی تر کە جگە لە ڕۆڵەکەی، ڕۆڵی کەسێکی غەریبەش دەبینێت و لەهجەیەکی تایبەتی هەیە**

**کەرەستە بۆ دیکۆر:**

**١. مێزێکی نانخواردن و کورسییەک**

**٨. مێزی قاوەیەک**

**٣. مۆبایلێک**

**٤. ڕووناکی**

# پەردەی یەکەم

**دیمەنی یەکەم**

**کوپێکی قاوە کە نزیکەی بەتاڵ بێت.**

**پیاوێکی مردوو بە ناوی گۆردۆن لەسەر کورسییەک دادەنیشێت و پشتی بە شانۆکەیە، هیچ لە مردووەکان ناچێت.**

**پیاوە مردووەکە سەیری پێشەوە دەکات.**

**ژنێک بەناوی جین لەسەر مێزێک دانیشتووە و قاوە دەخواتەوە و نامەیەکی سوپاسگوزاری دەنووسێت.**

**جین خاوەنی کەسایەتییەکی گۆشەگیرە و حەزی لە قەرەباڵغی و ژاوەژاو نییە.**

**قاپێکی بەتاڵی شۆرباو «سووپ»لەسەر مێزەکە لەبەردەم جیندایە.**

**«جین سەیری پیاوەکە دەکات، پاشان چاوی لە قاوەکەی دەبێت، و قووتێکی لێ دەخواتەوە.»**

**«دەنگی زەنگی مۆبایلێک.»**

**«دەنگەکە لە لای مێزی مردووەکەوە دێت.»**

**«مۆبایلەکە بەردەوام زەنگ لێدەدات.»**

**«کەسی پشت هێڵەکە تەلەفۆنەکە دادەخات بەڵام دووبارە پەیوەندی دەکاتەوە.»**

**«جین سەیری پیاوە مردووەکە دەکات.»**

**«جین ئاهێک دەکێشێت.»**

**«مۆبایلەکە بەردەوام زەنگ لێدەدات.»**

**جین: ببورە...ناتەوێت وەڵامی تەلەفۆنەکە بدەیتەوە؟**

**«پیاوەکە وەڵام ناداتەوە.»**

**تکایە دەتوانیت وەڵامی مۆبایلەکەت بدەیتەوە؟**

**ببورە کە بێزارم کردیت، ئەگەر بکرێ تکایە مۆبایلەکەت بکوژێنەرەوە.**

**«مۆبایلەکە بەردەوام زەنگ لێدەدات.»**

**«جین لە کورسییەکە هەڵدەستێت و دەچێتە لای پیاوە مردووەکە.»**

**بێزار بوویت؟**

**«وەڵامێک نابیستێت.»**

ئایە تۆ کەریت؟

«تا ئێستاش وەڵامی نابیستێت.»

من داوای لێبوردن دەکەم ...

«جین دەنگی بەرز دەکاتەوە:»

کەرن؟

«تا ئێستاش وەڵامی نابیستێت.»

«مۆبایلەکە جارێکی تر زەنگ دەداتەوە.»

زۆر باشە. ببوورە.

«جین دەچێتە سەر مۆبایلەکە و وەڵامی دەداتەوە.»

بەڵێ؟ نەخێر. ئەم مۆبایلە... تۆ من ناناسیت؟

«قسەکردن لەگەڵ پیاوە مردووەکە:» تۆ گۆردۆنی؟

«وەڵامێک نابیستێت.»

«بۆ ئەو کەسەی لە پشت خەتە»: نازانم. پێم بڵێ ئەگەر پەیامێکت هەیە؟ ساتێک... بدە... هیچ شتێکم نییە پێیی بنووسم.

«چاوەکانی دەکەونە سەر قەڵەمێک لەسەر مێزی پیاوەکە.»

«بۆ پیاوە مردووەکە:» زۆر سوپاس.

«بۆ ئەو کەسەی لە پشت دێرەکەوەیە:» باشە. دەینووسم

«لەسەر دەستماڵ کاغزی دەنووسێت.»

«چەندی کات هەیە بۆ ئەوەی پەیوەندیت پێوە بکات؟»

«دەنگی پشت دێرەکە دەست دەکات بە گریان.»

چ ڕوویداوە. بۆ نارەحەتیت من ...

«کەسی پشت هێڵەکە تەلەفۆنەکە دادەخات.»

گۆردۆن؟

«جین شانی پیاوەکە دەهەژێنێت.»

ئە...

«جین کەوچکێک لە ژێر لوتی پیاوەکەدا دەگرێت بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە هەناسە دەدات.»

«جارێکی تر مۆبایلەکە زەنگ دەداتەوە.»

«جین جارێکی تر وەڵام دەداتەوە.»

بەڵێ. نەخێر ئەوان نین من لەخزمەتتانم ئەگەر پەیامێکتان هەیە؟

«وچان. پێدەچێت کەسی پشت هێڵەکە قسەیەکی ورد بکات.»

نەخێر. پێویست ناکات خۆی یەکێکی هەیە.

نەخێر. منیش پێویستم پێی نییە. من خۆم یەکێکم هەیە.

سوپاس. ماڵئاوا.

«تەلەفۆنەکە دادەخات.»

«بەدەوری خۆیدا بەدوای کەسێکدا دەگەڕێت کە یارمەتی بدات.»

یارمەتیدان.

جین پەیوەندی بە ٩١١ دەکات (ژمارەی فریاگوزاری لە ئەمریکا).

٩١١: بەڵێ.

پیاوێک لێرە لە تەنیشتمدایە، پێم وایە مردووە.

نازانم چۆن مرد.

من لە کافێیەکم.

من نازانم.

٩١١: مۆبایلەکە ڕابگرە.

«لەکاتی گوێگرتن لە مۆبایلەکە، کافەکە بەجێدەهێڵێت بۆ ئەوەی ناو و ناونیشانی کافێیەکە بۆ کەسی پشت هێڵەکە بخوێنێتەوە.»

«لەم نێوەندەدا کاتێک جین لە کافەکە بەجێدەهێڵێت، تەنها مردووەکە و کافەی چۆڵ دەبینین.»

«جین دەگەڕێتەوە.»

ناونیشانەکەی یەکتربرینی شەقامەکانی گرین و گۆتە.

ئایا دەبێت لەگەڵیدا بمێنمەوە؟

وا دیارە کەس لەم کافەیە کار ناکات.

**چەندە کاتی پێویستە ؟**

**باشە. سوپاس.**

**«کۆتایی بە گفتوگۆکە دەهێنێت.»**

**«وچان.»**

**«جین سەیری پیاوە مردووەکە دەکات.»**

**«جارێکی تر مۆبایلی پیاوەکە زەنگی لێدەدات.»**

**بەڵێ؟ نەخێر. ئەمە نییە**

**وەڵامی تەلەفۆنەکەی دەدەمەوە.**

**ژمارەی تۆی هەیە؟**

**«وەستان لە کاتێکدا کەسی پشت دێرەکە دەڵێت: »بەڵێ. ژمارەی منی هەیە خاتوون. من دایکی ئەوم.**

**«جین سەرنجی سەرسوڕمانی دایکی مردووەکە دەدات.»**

**ئێ. دڵنیابە. من... پەیامەکەتی دەگەیەنمێ.**

**بەهیوای ڕۆژێکی شاد.**

**خواحافیز.**

**«مۆبایلەکە دادەخات و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت.»**

**«ڕووبە گۆردۆن»: ئەوە دایکت بوو.**

**«سەیری دەموچاوی گۆردۆن دەکات.»**

**«دەموچاوی مردووەکە ڕووناک بووەوە، وەک ئەوەی چاوی لە شتێک بێت و بەسترابێ بە هێزێکی باڵاترەوە.»**

**جین دەست لە نێوچاوانی پیاوەکە دەدات.»**

**گۆردۆن خۆ چاوەڕێ ناکەیت بەم شێوەیە قسەت لەگەڵ بکەم تا دەگەیت؟**

**گۆردۆن. من جینم.**

**تۆ من ناناسی**

**پێم وایە حاڵت خەریکە باشتر دەبێت.**

**بەڕاستمە.**

**بزانم تۆ هێشتا لەو دونیایت؟**

پێم بڵێ بزانم چۆن ئەوەندە بە بێدەنگی مردیت؟

من لەلات دەمێنمەوە.

گۆردۆن.

تا پێویستت بە من بێت لەگەڵت دەمێنمەوە.

گۆردۆن.

«جین سەری پیاوەکە بەرز دەکاتەوە و لە هەمان دۆخدا سەیری دەکات.»

«دەنگی ئاژیری ئاگادارکەرەوە و باران و زەنگی کڵێسا دەبیسترێت.»

## «پەردەی دووەم»

«کەنیسە. سروودێکی ئایینی لێدەدرێت.»

«جین لە کاتێکدا چاکەتێکی بارانی  شین و تۆخی لەبەردایە، ئەژنۆی داوە.»

«مۆبایلەکەی جین زەنگ  لێدەدات.»

«سەیری مۆبایلەکە دەکات و گومان لە شتێک دەکات.»

«تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت و بە چرپە دەست دەکات بە قسەکردن.»

جین: بەڵێ؟ نەخێر. ئێستا ناتوانێت بگاتە مۆبایلەکەی.

«دەنگێکی ناروونی ژنێک لە دیوەکەی تری خەتەوە:» دەزانم مردووە.

جین: ئەە... دەزانی؟

من داوای لێبوردن دەکەم.

ئم... پەشیمانیت لە چی؟

باشە دێم دەتبینم.

ئێستا چیت لە بەر دایە؟

« وەستان،   ژنەکەی پشت خەتەکە دەڵێت:» ئێستا چاکەت بارانێکی شین تۆخ.

بەڕاستی. زۆر سەیرە ، ڕێک، منیش چاکەت بارانێکی شینم لە بەردایە.

دێم دەتبینمەوە، جارێ خواحافیز.

«سروودەکە بەردەوامە لە ژەنینی.»

«جین ئەژنۆ دەدات و دووعا دەکات.»

«رووناکی سوور دەکەوێتە سەر جین.»

خواوەند! یارمەتیم بە.

یارمەتیم بدەن تا بتوانم...

کەس وکاری ئارام کەمەوە.

یارمەتیم بدە تێبگەم چی لە یادەوەریدا هەیە و وەک ئەو لەگەڵ یادەوەرییەکانیدا بژیم.

خواوەند! تەنها بۆ چەند خولەکێک چاوم پێی کەوت.

بەڵام نازانم بۆچی هەست دەکەم بە جۆرێک حەزم لێیتی.

خودای بەڕێز هیوادارم ئێستا گۆردۆن لە شوێنێکی زۆر باش و ئارام بێت.

«مۆسیقاکە دەوستێت.»

«ژنێک لەسەر شانۆ دەردەکەوێت.»

«خاتوو گۆتلیب دەست دەکات بە هاندانی.»

خاتوو گۆتلیب: نازانم چی بڵێم، سوپاس بۆ خوا ئێرەسەققی هەیە. ڕزگارم بوو لە کێشەی دۆزینەوەی شووشەی ڕەش و باڵا... ڕاستە من کەسێکی ئایینی نیم، بەڵام خۆشحاڵم کە هێشتا شوێنێک هەیە بەناوی کڵێسا. سوپاس بۆ خودا کە هێشتا کەسانێک هەن کە کڵێسا دروست دەکەن بۆ ئاسوودەیی ئێمە، بۆ ئەوەی کاتێک کەسێک دەمرێت یان هاوسەرگیری دەکات...شوێنێکمان هەبێت...ئەگەر سەققەی ئێرە کورت بووایە، نەمتوانی هەموو ئەمانە تێدا جێی بکەمەوە. « لەکاتی وتنی ڕستەکەدا بیر لە وشەی خەم دەکاتەوە »ژوورێک بە سەقفێکی بەرزی پێویست بوو.

«دەنگی زەنگی مۆبایلێک لە پشت کڵێساکەوە دێت، جین بەرەو دەنگەکە وەردەگەڕێت.»

ئایا کەسێک دەتوانێت تکایە ئەم مۆبایلە نەفرەتییە بکوژێنێتەوە. لە ئێستادا تەنها یەک یان دوو شوێن لە هەموو جیهاندا هەیە کە هیچ تەلەفۆنێک لێی نادات. یەکێکیان کڵێسا، ئەوی دیکەیان شانۆیە. بەڵام هەندێک کەس لەم جۆرە شوێنانە وەڵامی مۆبایلەکانیان دەدەنەوە. بێگومان... تەوالێتیش هەیە... هەندێک کەس لەوێش وەڵامی تەلەفۆنەکانیان دەدەنەوە .

باشە. من لە کوێ بووم. ئاه، من شتێکم لە کتێبی "حیکایەتی دوو شار"ی چارڵز دیکنز دەخوێندەوە. لەو شوێنەی کە نووسراوە هەموو مرۆڤێک لە ڕاستیدا دروست بووە بۆ ئەوەی ببێتە خەزنەیەکی نهێنی بۆ مرۆڤەکانی تر.

ڕاستگۆیانە ناتوانم لاپەڕەکانی ئەم کتێبە شیرینە هەڵبدەمەوە...

من دەمەوێت بۆ هەمیشە دابخرێت...

نامەوێت تەنانەت یەک لاپەڕەی تریش بخوێنمەوە... هاوڕێکەم مردووە... دراوسێکەم مردووە... خۆشەویستیم، بوونم....

«"مۆبایلەکەی جین زەنگی لێدەدات." هەڵە دەکات و مۆبایلەکە دەکوژێتەوە. خاتوو گۆتلیب سەری بەرز دەکاتەوە و سەیری بینەران دەکات".»

باشە. سەیری ئەم دەریا مەزنە بکەن کە خەڵکانێک جل و بەرگی ڕەشیان لەبەردایە. جاران داب و نەریت بوو خەڵک لەبەر مردنی خۆشەویستییان جلی ڕەش لەبەر دەکەن، بەڵام لەم دواییانەدا هەموو کەسێک بەبێ هۆکار و هەر کاتێک بیەوێت جلی ڕەش لەبەر دەکات.

وەک ئەوەی هەمیشە ماتەمینی بگرن. بە هیچ شێوەیەک ڕوون نییە بۆچی؟

کەواتە من لە کوێ بووم؟ گۆردۆن؟

قسەکانم لەدەست دا. با گۆرانییەک بڵێم. باوکی موقەدس؟

«"گۆرانی دەڵێت"»

«سروودێکی ئایینی، بەشێک لە سروودەکە:»

"باشترە هەرگیز بە تەنیا بە پێ نەڕۆیت"

«"گۆرانییەکە دەست پێدەکات."»

«"مۆبایلەکەی جین زەنگی لێدەدات."»

«"جین بە دزییەوە مۆبایلەکە دەشارێتەوە."»

«بەشێکی تری سروودەکە: »

"هەرگیز بە تەنیا ناڕۆیت. ڕاستە. چونکە هەمیشە ئامێرێک لە گیرفانتدا هەیە کە ڕەنگە لە هەر ساتێکدا بکوژێتەوە" واو گۆردۆن.

«"خاتوو گۆتلیب بەردەوامە لە خوێندنەوە."»

# پەردەی سێیەم

«کافێیەک»

«تراکی مۆسیقای فیلمێک دەبیسرێت.»

«ژنێکی دیکە کە چاکەتی بارانی شین لەبەردایە چاوەڕێی دەکات.»

« جین بەچاکەتی بارانیکی شین دێتە ژوورەوە.»

جین: سڵاو

ژن: سڵاو. سوپاس.لەوە کە کاتت بۆ من ترخان کەردوە

جین: تکایە. شایانی نییە

ژن: هەردووکمان حەزمان لە ڕەنگی شینە.

جین: بەڵێ.

ژن: بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی دۆخەکە، پێموانییە زۆر سەرنجڕاکێش بێت.

جین: من تێناگەم مەبەستت چییە.

ژن: ناتەوێت وا نیشان بدەیت کە تێناگەیت.

جین: من جدی بووم. من تێنەگیشتم.

ژن:: . تۆ کچێکی جوانیت.

جین: نەخێر وا نییە...

ژن: ئێستا ناتەوێت بۆ من شەرمێون بیت. حەزم لێیە کاتێک دەبینم ژنێک دان بەوەدا دەنێت کە جوانە. لەم ڕۆژانەدا ژنان تەنانەت نازانن بەڕێگاش دا برۆن. ژنێکی جوان دەبێت بتوانێت پیاسە بکات و بیری لێبکاتەوە "من ژنێکی جوانم و زۆر باش دەزانم چۆن بەم پێڵاوانە بڕوم".

بەگشتی لەم ڕۆژانەدا دووزی دڵبەری وناز لە جیهاندا زۆر کەمی کردووە و ژیان بێزارکەر بووە.

لە کاتێکدا بە بڕوای من نابێت ژنان شوێنی وەک وێستگەکانی شەمەندەفەر بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی بێزارکەر و بێ ڕۆح بمێننەوە.

وەک ڕۆژگاری ڕابردوو نییە کە مرۆڤ چێژی لە چاوەڕوانی لە وێستگەی شەمەندەفەر وەردەگرت.

هەر ژنێک کە دەیبینیت... یەک توز شێوە و ڕوخساری نییە... نە متمانەی بەخۆی هەیە... تەنانەت پێڵاوی گونجاویش لەبەر ناکات.

«ژنەکە سەیری شێوازی دانیشتنی جین دەکات.»

«جین ڕێکتر دادەنیشێت.»

پێویستە ئافرەت بتوانێت بە جوانی خۆی کۆکاتەوە ومیکاپ  بکات و متمانەی تەواو بە خۆی بێت و بە هیچ شێوەیەک شەرمەزار نەبێت.

«ژنەکە ماتیکی لێوەکەی دەردەهێنێت و بە هێواشی و بە سەبرەوە سووراوی لێوەکانی دەدات.»

«جین بەسەرسورمانەوەچاولێ دەکات.»

جین: بەڵام شەرم دەکەم لەبەردەم خەڵکدا سووراوی خۆم بکەم.

ژن: شەرمی بۆ چیە؟ تازە لێوەکانت زۆر جوانن.

«ژنەکە ماتیکەکەی دەدات بە جین.»

جین: نەخێر... ڕاستییەکی...

ژن: مەترسە. من نەخۆش نیم.

جین: نەخێر، من لە بۆ میکرۆبییەوە ناڵیم. بەڵام ...

ژن: بس جارێکی تر لێی بدە. کات بەفیرۆ مەدە. دڵخۆش بە، چێژ لە ژیانت وەربگرە.

"جین ماتیک لێدەدات."

ئەها...بەم شێوەیە لێ  دانەت لەهەموو شتێک بێ ئومێدت کردم  . باشە ئێستا با تێپەربین.

جین: زۆرم پێ ناخۆش بوو بۆ گۆردۆن. ڕەنگە تۆ هاوڕێی ئەو بیت، وانییە؟

خانم: گۆردۆن هیچی تری پێ نەوتیت،؟

جین: نەخێر

ژن: مرووڤێکی بێدەنگ بوو،!! ؟

جین: بەڵێ. بێدەنگ بوو.

ژن: زۆر ئەگەری ئەوە هەیە کە بەرامبەرت بە ئەدەب بوویێت ، وایە؟ زۆر بێدەنگ بوو لەبەردەم ئەو خانمانەی کە ڕێزیان لێدەگرت. دڵنیام،کاتێک پێدەکەنی، بە دەنگی بەرز پێدەکەنی. هاهاهاها. تا کیلۆمەترێک  دوورتر دەبیسترا.

"ژنەکە وە بیر گۆردۆن دەکەوێتەوە ."

ڕەنگە سەرت سوڕمابێت کە من ویستم بتبینم؟

جین: لە ڕاستیدا بەڵێ.

ژن: ئەو ڕۆژەی گۆردۆن مرد، تۆ لەگەڵ گۆردۆن بوویت. ڕاستە؟

**جین: بەڵێ. ڕاستە.**

**ژن: من و گۆردۆن... دەزانی... (بیر لە وشەی ئەشق و عاشق دەکاتەوە)... هەر بۆیە... دەمەوێت بزانم... ڕەنگە کەمێک ڕەنگە هەستیاری دەرکەوێت، بەڵام حەز دەکەم بزانم دوا قسەکانی چی بوون.**

**جین: نەخێر بێگومان. نە، سۆزدارنییە.سرووشتیە**

**ژن: من خۆم لە سۆزداربوون بێزارم.**

**جین: دیسانەوە بە هیچ شێوەیەک پێموانییە سۆزداری بێت.**

**ژن: باشە. بۆیە پێم بڵێ دوا قسەی چی بوو؟**

**جین: گۆردۆن پێش مردنی باسی تۆی کرد . وتی پێت بڵێم زۆر خۆشی دەوێیت. ئەمەی وت و پاشان سەری سوڕاند و مرد.**

**ژن: وتی خۆشم دەوێم؟**

**جین: بەڵێ. ئەوە قسەی ئەو بوو.**

**ژن: ئەم هەموو کاتە چاوەڕێم کرد و دواجار لەڕێگەی ژنێکی ترەوە پەیامی بۆ ناردم.**

**"ژنەکە دەموچاوی بەرەو ئەودیو دەگۆڕێت و فرمێسک دەڕژێت".**

**جین: نەخێر، بەو شێوەیە نییە. گۆردۆن وتی لە ژیانیدا زۆر ئافرەتی خۆشویستووە، بەڵام لەو کاتەوەی تۆی بینیوە هەموو شتێک گۆڕاوە.**

**دەیگوت وا دیارە ژنانی تر یەکتر بەراورد دەکەن لەگەڵ کاتژمێر، هەموو... کاتژمێر و کات و ئەو جۆرە وشتانە... بە شێوەیەک کە ڕۆژی مرۆڤ دابەش دەکەن بەسەر بەشەکاندا، بەڵام تۆ بەو شێوەیە نەبوویت ولەو کاتەوە پێکەوە بوون وەک ئەوە وابوو کات بوەستێت.**

**دەیگوت هەرکات دەهاتیتە ژوورەکە وەک ئەوە وابوو کات بوەستێت.**

**ژن: خۆی وتویەتی؟**

**جین: بەڵێ.**

**ژن: ئەی گۆردۆن.**

**"مۆبایلەکە زەنگی لێدەدات."**

**"جین دوودڵ دەبێت لە وەڵامدانەوەی مۆبایلەکە."**

**ناتەوێت وەڵام بدەیتەوە؟**

**جین: بۆچی وەڵام دەدەمەوە.**

"جین وەڵامی مۆبایلەکە دەداتەوە."

بەڵێ؟

دەنگ لە پشت دێرەکەوە: جەنابتان؟

من جینم.

بەڵێ. بە دڵنیاییەوە.

چۆن دەتوانم بێمە ئەوێ؟

«وەستانێک کاتێک دایکەکە ڕێگاکە پیشانی جین دەدات.»

(جین بە چرپە بە ژنەکە دەڵێت): ببورە

«ژنەکە شانەکانی هەڵدەتەکێنێت.»

زۆر باشە. بەهیوای دیدارتان. جارێ خواحافیز.

«جین مۆبایلەکە دادەخات.»

ژن: کێ بوو؟

جین: دایکی بوو.

ژن: ئا. ئاها خاتوو گۆتلیب؟

باشە با پێش ئەوەی بچم ماتیکەکەت تاقی بکەمەوە.

«ژنەکە میکاژدەیکات.»

جین گرژدەبێت.

«مۆسیقا.»

# دیمەنی چوارەم

**«جین و دایکی گۆردۆن و خاتوو گۆتلیب لە ماڵی خاتوو گۆتلیبدان.»**

**«لە ماڵەکەدا بۆنی پەردەی مەخمەلی وشک و ڕزیو دەکەرێت»**

**«خاتوو گۆتلیب جلی پەڕەی لەبەردایە.»**

**خاتوو گۆتلیب: نازانم بۆچی لە مەراسیمی پرسەی کۆتاییدا تۆم نەبینی؟**

**جین: من لەو ئاخری هەموویانەوە دانیشتبووم.**

**خاتوو گۆتلیب: کەواتە مەبەستت ئەوەیە کە بە ئەنقەست خۆت لەناو خەڵکدا ون کردووە بۆ ئەوەی من نەتبینم؟**

**جین: نەخێر...**

**خاتوو گۆتلیب: ڕەنگە دەبوو جلێکی روونتر لەبەر بکردایە یان بۆ نموونە کەمێک ماکیاژ بکەیت.**

**جین: ئەی پرسەی ماتەمینی بوو.**

**خاتوو گۆتلیب: ئای زۆر باشە. گۆردۆن مۆبایلەکەی داوە بەتۆ؟**

**جین: بەڵێ... پێی داوم.**

**خاتوو گۆتلیب: بۆچی ئەمەی کردووە؟**

**جین: داوای لێکردم بۆی ڕا گرم. بۆ دوای مەراسیمەکە تلەفونت بۆ کرد؟**

**خاتوو گۆتلیب: من هەموو ڕۆژێک تەلەفۆنی بۆ دەکەم. هەمیشە هەوڵ دەدەم لەبیری بکەم کە کوڕەکەم مردووە.ئەرکێکی بچووکم هەیە کە دەبێت هەموو ڕۆژێک بیکەم، کاتێک لە ترافیکدام جانتاکەم دەردەهێنم و زەنگ لێدەدەم.بۆ من بووەتە خوو..**

**جین: زۆر داوای لێبوردن دەکەم. دەبێت زۆر بە ئازار بێت منداڵ لەدەست بدەیت.**

**خاتوو گۆتلیب: بەڵێ، زۆر. سەیرکە، کاتێک گەورەیەک لە ماڵدا دەمرێت، بەزۆری ژیان باشتر دەبێت. بەڵام کاتێک کەسێک لە تۆ بچووکتر دەمرێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیان خراپتر دەبێت.**

**جین: من زۆرم پێ ناخۆش بوو، زۆر ببورە.**

**خاتوو گۆتلیب: پێم وایە تا مردنم جگە لە ماتەمینی بۆ گۆردۆن هیچ کارێکی ترم نابێت.**

**جین: هەممم... (ئاماژە بە پەشیمانی)**

**خاتوو گۆتلیب: دانیشە، ئاسودە بە.**

**«جین دادەنیشێت.»**

**خاتوو گۆتلیب: باشە...**

**جین: باشە...**

**خاتوو گۆتلیب: ئایا هێشتا کەسێک پەیوەندی بە مۆبایلی گۆردۆنەوە دەکات؟**

**جین: بەڵێ.**

**خاتوو گۆتلیب: کەی؟**

**جین: هەندێک لە هاوڕێکانی وهاوکارەکانی کە هێشتا نازانن مردوون.**

**خاتوو گۆتلیب: تۆ پێیان دەڵێیت کە ئەو... (بیر لە وشەی مردوو دەکاتەوە).**

**جین: بەڵێ.**

**خاتوو گۆتلیب: بەڵام ناتوانم خۆم رازی کەم بە کەس بڵێم گۆردۆن مردووە**

**جین: بەڵی من لە ئێوە تێدەگەم.**

**خاتوو گۆتلیب: زۆر بە ئازارە، ناتوانیت تێبگەیت لە دڵمدا چی ڕوودەدات.**

**جین: ڕاست دەکەیت.**

**خاتوو گۆتلیب: بینیوتە مرۆڤ کاتێک منداڵەکەی لێ وەن بێت هەست بە چی دەکات؟ ئایا ئەزموونت کردووە؟**

**جین: بەڕاستی نا.**

**خاتوو گۆتلیب: منداڵت نییە؟**

**جین: نەخێر**

**خاتوو گۆتلیب: بۆچی؟**

**جین: ڕەنگە ڕۆژێک بێت منداڵێکم هەبێت.**

**خاتوو گۆتلیب: تەمەنت لە بەرزبوونەوەدایە. تۆ ئێستا چەند ساڵیت ؟**

**جین: نزیکەی چل ساڵ**

**خاتوو گۆتلیب: تۆ هاوسەرگیریت کردووە؟**

**جین: نەخێر.**

**خاتوو گۆتلیب: لەم تەمەنەدا چاوەڕێی منداڵبوون دەکەیت، ؟**

**جین: نازانم. وتم ڕەنگە...**

**خاتوو گۆتلیب:** سەیرکە، کاتێک تەمەنت ٣٩ ساڵ دەبێت، واتە منداڵدانەکانت تەمەنی ٤٠ ساڵە، ئایا تێدەگەیت کە من چی دەڵێم؟

**جین:** باشە، منداڵێک بەخێو دەکەم.

**خاتوو گۆتلیب:** باشترە منداڵی خۆت هەبێت، منداڵێک کە لە تۆ بچێت. هەر وەک گۆردۆنەکان کە برۆکانیان هەموویان وەک یەک بوون.

**«خاتوو گۆتلیب لەکاتێکدا هەوڵدەدات فرمێسکەکانی ڕابگرێت، بە دەستی هێڵێکی تەنک لە بۆشاییدا دەکێشێت و ئاماژە بە برۆی کوڕەکەی دەکات.»**

**جین:** بەڕاستی هاوخەم تانم.

**خاتوو گۆتلیب:** ئەگەر ڕاستگۆ بم ڕۆژێک من و گۆردۆن شەڕمان کرد...ئەوا ئیتر وەڵامی مۆبایلەکەمی نەدەدایەوە...

**جین:** بەڵام هەمان ڕۆژ کە مرد تەلەفوونی بوو کردیت.

**خاتوو گۆتلیب:** چی؟ چۆن ئەزانی؟

**جین:** لە پەیوەندییەکانیدا ژمارەکەتم بینی.

**خاتوو گۆتلیب:** بەڕاستی؟

**جین:** بەڵێ. نووسرابوو: دایکم

**خاتوو گۆتلیب:** با بزانم.

**جین:** بە داخەوە بە هەڵە دەستم لیی کەوت سەڕ دڕاووە.

**خاتوو گۆتلیب:** کەواتە گۆردۆن تەلەفوونی بۆ کردم؟

**جین:** بەڵێ.

**خاتوو گۆتلیب:** دەبێ ویستبێتی قسەم لەگەڵ بکات.

**جین:** بەڵێ.

**خاتوو گۆتلیب:** تۆ گۆردۆنت لە کووە ناسیت؟

**جایگان:** جاران پێکەوە کارمان دەکرد.

**خاتوو گۆتلیب:** بەڕاستی؟

**جین:** بەڵێ.

**خاتوو گۆتلیب:** سەیر نییە تۆ منداڵت نییە.

**جین:** مەبەستت چییە؟

**خاتوو گۆتلیب:** سیستەمی کاری گۆردۆن سیستەمێکی پیس بوو.

**جین:** ڕەنگە.

**خاتوو گۆتلیب:** لەگەڵ گۆردۆن هەناردەکردن یان هاوردەکردنت دەکرد؟

**جینز:** هاوردەکردن.

**خاتوو گۆتلیب:** بەڵێ... دەبینم. بۆ نانخواردنی ئێوارە بۆ نامێنیت ؟ هەروەها براکەی گۆردۆن بۆ نانخواردنی ئێوارە دێت. ڕاستی... ژنەکەیشی دێت... ژن چی بڵێم؟ بێوەژنەکەی.

**جین:** ببورە، بە ڕێکەوت هاتمە ئێرە. پێویستە ئێستا لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بە تەنیا بیت.

**خاتوو گۆتلیب:** تۆ کە کوڕکەم دەناسیت . سەیرکە، من پێداگری دەکەم کە بمێنیتەوە.

**جین:** باشە، هیوادارم بتوانم کەمێک یارمەتیت بدەم.

**خاتوو گۆتلیب:** دەتوانیت.کاتێک تۆ لێرەیت من ئارامتر دەبم . نازانم بۆچی. لە چایدانێکی بچووک دەچیت. تا ئێستا کەس پێی وتووی؟

**جین:** نەخێر.

**خاتوو گۆتلیب:** ئایا تۆ ئایینیت؟

**جین:** کەمێک.

**خاتوو گۆتلیب:** بەڵێ بێگومان. بەڵام ئێمە زۆر ئاییندار نین. مانای خێزانەکەم لە زمانی ئەڵمانیدا خوداپەرستە، بێگومان ئێمە لە بنەڕەتدا ئەڵمانی نین. هێرمیا مەراسیمێکی کاسۆلیکی بۆ گۆردۆن ئەنجامدا، چونکە حەزی لە ئەژنۆ دان و هەستانەوە بوو. بەڵام بیرم ناچێت هەرگیز منداڵەکانم بۆ نوێژ لە خەو هەڵسانبێت. بێگومان لەوانەیە لە خەو هەڵساندووم، بەڵام بیرم نییە.ڕەنگە هەندێک لە تاوانەکانی جیهان بنەچەیەکی غەیرە ئایینیان هەبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە باقی ئەوان پاشخانێکی میتافیزیکییان هەیە. گۆردۆن لە ژیانیدا چەندین گوناهی ئەنجام نەدابوو. باشە. کاتژمێر حەوت، ژەمی ئێوارە ئامادەیە. ئیتر گۆشت دەخۆیت؟

**جین:** هێی...کەم تا کورت.

**خاتوو گۆتلیب:** باشە. ئەمشەو پێکەوە گۆشت دەخۆین. من کەمخوێنیم هەیە...دەبێت بزانن. من ڕۆژانە پارچەیەکی گەورە ئەستیک دەخۆم و دەبێت هەست بکەم ڕاستەوخۆ لەلایەن جەستەمەوە هەڵدەمژرێت.

**جین:** نەمدەزانی. هیوادارم باش بن.

**خاتوو گۆتلیب:** باشە... کاتژمێر حەوت، کەواتە.

**جین:** سەعات حەوت. باشە. بۆیە دەچم دەروە... پەیامێکم هەیە بیگەیەنم.

**خاتوو گۆتلیب:** باشە جین. سەعات حەوت دەتبینمەوە.

# دیمەنی پێنجەم

«برای گۆردۆن بە ناوی وایت»

«بێوەژنەکەی گۆردۆن بە ناوی هێرمیا»

«دایکی گۆردۆن.»

«جین»

«هەمووان جلی ڕەشیان لەبەردایە جگە لە دایکەکە.»

«دایکی گۆردۆن بە جلی سووری درەوشاوە وەستاوە.»

«لەسەر مێزی قەرەباڵغەوتێکەڵە.»

«هەمووان لە شوێنێکی ناسروشتی دانیشتوون.»

خاتوو گۆتلیب: کارتی دانیشتن، ئەمانە کارتی دانیشتن.

«هەمووان هەڵدەستن و سەیری کارتەکان دەکەن و شتێک دەڵێن: ئای واو ببورن بەڕاستی ببورن.»

«جین چاوی لە وایت دەکات.»

«وایت لێکچوونێکی سەرنجڕاکێشی لە گۆردۆن هەیە.»

«بەڵام لەبەر ئەوەی جین حەزی لەوە نییە مردنی گۆردۆن بیربخرێتەوە، خۆی لە باسکردنی ئەم لێکچوونە دەپارێزێت.»

«بێدەنگی.»

هێرمیا: گۆردۆن پێشتر لێرە دانیشتبوو...

«ئاماژە بەو شوێنە دەکات کە جین لە وەێ دانیشتووە.»

وایت: بەڵێ، دەزانم، لەوێ گۆردۆن مرد.

جین: واو ئێستا هەڵدەستم...

خاتوو گۆتلیب: نەخێر، نەخێر. ئێستا گرنگ نییە...

«هەمووان بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری جین دەکەن.»

«جین تووشی هێسک«نەزگەرە» دەبێت.»

جین: ببورە، ببورە، نازانم بۆچی تووشی نەزگەرە بووم.

«جین هەڵدەستێت، هێشتا نەزگەرە دەدات.»

خاتوو گوتنلیب: ئازیزم، ئاو لەوێ هەیە.

**جین: سوپاس.**

**«جین بە نەزگەرەکردنەوە لە دیمەنەکە دەردەچێت.»**

**هێرمیا: ئەمە چی بۆ!**

**خاتوو گۆتلیب: سەیرکە هێرمیا ،ئەوە گۆردۆن دەناسێت، بۆیە بڕۆ بەخێرهاتنی بکە و لەگەڵیدا باش بە.**

**وایت: لە کوێوە دێناسێت؟**

**خاتوو گۆتلیب: پێکەوە کاریان کردوە.**

**«خاتوو گۆتلیب سەری خۆی دەجوڵێنێت وەک ڕەزامەندی.»**

**«ئەوانیکەش  شتێکی لەم شێوەیە دەگێرن وەک ئەوەی بڵێن: بەڕاستی؟ نە باوکە ئاها... کەواتە ئەوا...»**

**وایت: کاری هەناردەکردن؟**

**خاتوو گۆتلیب: نا، هاوردەکردن . خۆی وا دەڵێت.**

**«چرپەکان بەردەوامن.»**

**«جین دەێتە ژوورەوە.»**

**«بێدەنگی.»**

**«جین دادەنیشێت و بەردەوام دەبێت لە نەزگەرە کردن.»**

**جین: ببورە. بە دەنگی بەرز نەزگەرە دەکەم.**

**خاتوو گۆتلیب: بەڵێ، نەزگەرەکانت زۆر بەرزن. سەرنجڕاکێشە کچێکی ناسک دەتوانێت ئەوەندە بە دەنگی بەرز نەزگەرە بکات.**

**وایت: دایە! لەگەڵم وەرە جین. دەمەوێت هەندێک شتت پیشان بدەم. خواردنەوەیەکی بە تام.**

**جین: باشە (نەزگەرە) سوپاس.**

**«وەک نیشانەی ڕێز، وایت کورسیەکەی جین دەکێشێتە لایەکەوە و لەگەڵ جین شانۆکە بەجێدەهێڵن و دەچنە چێشتخانە.»**

**هێرمیا: بێگومان ئەوە حەزی لێیە.**

**خاتوو گۆتلیب: بەڵێ، من پێموایە.**

**«بێدەنگی.»**

**هێرمیا: دڵتەنگیت؟**

**خاتوو گۆتلیب: بەڵێ، ئەی تۆ؟**

**هێرمیا: زۆر دەمارگیرم. من تازە  لە مانای دەمارگیری تێدەگەم.**

**خاتوو گۆتلیب: بەڵام دڵخۆشم کە هەردووکمان لە هەستی یەکتر تێدەگەین. من و تۆ زیاتر لە کەسانی تر خۆشمان دەویست.**

**هێرمیا: بەڵێ. هیوادارم... لەمەودوا بتوانین پێکەوە ماتەمینی بۆ بگرین... خاتوو گۆتلیب. هەندێک جار هەست بە تەنیاییەکی زۆر دەکەم.**

**خاتوو گۆتلیب: بانگم بکە هاریەت.**

**هێرمیا: هاریەت.**

**خاتوو گۆتلیب: هەرگیز ڕاهانەهاتووم کە گۆردۆن ژنی هەبێت، بەڵام ئێستا کە مردووە ،بێوەژنەکەی ، لەگەڵ مندا پەیوەندییەکی باشی هەیە.**

**«هێرمیا،ئەم ڕستەیە یەکێکە لە یەکەم قسە خۆشەویستەکانی خاتوو گۆتلیب بەرامبەر هێرمیا کە پێشتر بەم تۆنە قسەی لەگەڵ نەکردووە.»**

**«جین و وایت دەێنەوە.»**

**«جین پێدەکەنێت.»**

**وایت: ئێستا باشترە.**

**جین: وایت ڕزگاری بوو لە نەزگەرەکەم.**

**خاتوو گۆتلیب: وایت. تۆ کەسێکی شۆخی. زۆر بەهرەی  نوێتان هەیە کەپەرەپێنەداوە. تۆ لە منداڵییەوە هەتبووە. لەبیرتانە کاتێک وایت بچووک بوو، وەک دارێکی وشک خۆی ڕەق دەکرد، منداڵەکان وایان پیشان دەدا کە وایت پارچە دارێکە، یاوەک مێروویەکی مردوو، ئێمەش پێدەکەنین بە تایبەت لە نانخواردنی نیوەڕۆدا دەمانگەیشتێ. پێم بڵێ هیچ کام لە ئێوە کە لەو کاتەدا لەوێ نەبوون، بوویەناتوانن لەبیریان بێت.**

**«وچان.بێدەنگی»**

**هەمووی راستە. با بچین ئێستیک  بخۆین. جین! ئەو ئیستیکە نەرمە کە حەزت لێیە. هەم؟ بە لامەوە هیچ شتیک ناگاتە ئێستیک. لە من ببیستن ئا.وایت.بۆ ناخۆیت پارچەیەک هەڵبگرە.**

**« وایت چەقوی تایبەت وەردەگرێت.»**

**«پێشتر هەرگیز ئەم کارەی نەکردووە و هەمیشە ستیکەکە دەبڕێت.»**

**جین: ئمم**

**خاتوو گۆتلیب: ئایا نزگەرەت بوو؟**

**جین: نەخێر، من...**

**وایت: نەخێر نزگرە نەبوو دایکە، قسەی دەکرد.**

**خاتوو گۆتلیب: ئمم.**

**جین: لە گۆردۆن وە دیارییم بۆتان هەیە.**

**وایت: دیاریت بۆ هێناوین؟**

**جین: بەڵێ. لە کۆتا خولەکدا داوای لێکردم شتێک لە کافێیەکە بکڕم بۆ هەریەکێکتان. پێش مردنی بیری لە ئێوە دەکردەوە.**

**«وایت کاردکە دادەنێت.»**

**«جین ئەو جانتا بچووکە دەردەهێنێت کە دیارییەکانی تێدایە.»**

**هێرمیا! ئەمە بۆ تۆیە.خوێدان، چونکە گۆردۆن دەیگوت تۆ خوێی هەموو هەسارەکەیت.**

**«هێرمیا خوێدانەکە وەر دەگرێت، دیلەرزێنێت و دەیهەژێنێت.»**

**هێرمیا: سوپاس.**

**جین: وە ئەمە بۆ تۆیە وایت.**

**«جین کوپێک دەدات بە وایت.»**

**جامێکم بۆ هێناوە چونکە گۆردۆن وتی کە دەتوانیت هەموو شتێک وەک کوپێک لە خۆ بگریت. شتە باشەکان و... هەرگیز داینێت.**

**«وایت جامەکە لە جین وەردەگرێت.»**

**وایت: گۆردۆن وتی؟**

**جین: بەڵێ.**

**وایت: سەیرە.**

**جین: هاریەت ئەمە بۆ تۆیە. بۆ چێشت لێنانەکەت بەسوودە.**

**«جین کەوچکێک دەدات بە دایکی گۆردۆن.»**

**«بێدەنگی.»**

**«هەمووان لە هەمان دۆخدان.»**

**خاتوو گۆتلیب: مەبەستی لەم قسەیە چی بوو؟**

**جین: من...کاتێک بچووک بوو...پاشان گەورە بوو...بەخواردنی ئەو خواردنانەی کە تۆ بۆی دروستت کردبوو.**

**خاتوو گۆتلیب: نەخێر...**

**جین: مەبەستی خراپ نەبوو...مەبەستی ئەوە بوو دڵخۆشت بکات.**

خاتوو گۆتلیب (بە دەنگی بەرز) نەخێر، بە هیچ شێوەیەک مەبەستی بەو شێوەیە نەبوو.

«خاتوو گۆتلیب بە تووڕەییەوە لە کورسییەکەی هەڵدەستێت و شانۆکە بەجێدەهێڵێت.

وایت بەدوایدا دێت.»

وایت: ببورە.

«وایت لە شانۆکە دەردەچێت.»

جین: من شتێکی خراپم وت؟

هێرمیا: هەرگیز باسی چێشت لێنانەکەی ناکەین.

جین: ئای ببورە.

هێرمیا: باشە. تەنها... دەزانی.

«هێرمیا یاری بە خوێدانەکان دەکات.»

من خوێم خۆشدەوێت.

«هێرمیا بە ناڕەحەتی دەردەکەوێت.»

ئایا خوێی دەکردە ناو خواردنەکەیەوە؟

جین: بەڵێ. هەر پێش مردنی خوێی بەسەر پەتاتەکانیدا ڕشت.

هێرمیا: واو... چەند خۆش بووە... دوا تامی دەمی...

جین: خۆشحاڵم کە بەدڵت بوو.

هێرمیا: بەڵێ. من پێم خۆشە. دەزانی هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر ڕۆژێک گۆردۆن بمرێت نامەوێت جارێکی تر بنەماڵەوخێزانی هاوسەرەکەم ببینمەوە و دڵخۆش بووم و دڵنەوایی خۆمم دەدا کە جارێکی تر نایانبینمەوە، بەڵام ئێستا کە گۆردۆن نەماوە هەست دەکەم کە ئەوان لەگەڵ من و گۆردۆن باشن، زیندووم دەکاتەوە و ئارامم دەکاتەوە. ئەزانی مەبەستم چیە؟

«خاتوو گۆتلیب و وایت دێنەژوورەوە.»

خاتوو گۆتلیب (بۆ جین): تکایەلێرە بڕۆن؟

وایت: بەڵام دایە! ئێمە کە تا ئێستا گۆشتەکە (خواردن)مان نەبریوە، جین هێشتا هیچی نەخواردووە.

خاتوو گۆتلیب: زۆر باشە وایت. پێدەچێت بزانیت لە ئێستادا باشترین بڕیار بۆ بنەماڵەکە چییە.؟ بۆچی ئەو ڕۆڵەی گۆردۆن لە خێزانەکە دا بینیویەتی وەرناگریت؟ پێم وایە هەمیشە ویستت ڕۆڵێکی لەو شێوەیەت هەبێت

«وایت بە سەیرەوەچاولێدەکات.»

من دەچمە سەرەوە تا ماوەیەک پاڵ بکەوم. هێرمیا... تۆ لەگەڵم دێیت.؟ کۆمپرێسی سەهۆڵ بینێمە سەر سەرم. وایت... دڵنیابە جین شتێک دەخوات. من پێم خۆش نییە بێ خواردن لێرە بڕوات.

«خاتوو گۆتلیب و هێرمیا لە شانۆکە دەردەچن.»

وایت: دەتوانم هەندێک گۆشتت بۆ بهێنم؟

جین: من گیاخۆرم.

وایت: ئای باوکە. دڵتەنگ بووم. کەواتە بۆ پێشتر نەتگوت؟

جین: بە تایبەتی نەمگوتووە. لە ئەدەب وە بە دووربوو بڵێم کاتێک کەسێک بۆ ئامادە کردنی خواردن خۆی ماندوو دەکات. تەنانەت ئەگەر گیاخۆریش بێت. بەڕای من مرۆڤێک کە نەتوانێت لەم شتە بچووک و سادەیانە تێبگات، کەسێکی ژیر نییە.بەلای تۆشەوە وانییە؟

وایت: بەڵێ. تۆ ڕاست دەکەی.

«هەردووکیان سەیری مێزەکە دەکەن.»

باشە...پێم وایە جگە لە گۆشت هیچ خواردنێکی تر نییە .

جین: باشە. کێشە نیە.

وایت: با چاوێک لە ساردکەرەوەکەدا «سەلاجەکە»بخشێنمەوە.

«وایت دەچێتە دەرەوە»

«جین بە تەنیا دادەنیشێت.»

«ماندوو و زەلیل دەردەکەوێت.»

«وێنەیەکی یەکێک لە تابلۆکانی ئێدوارد هۆپەر بۆ ماوەی پێنج چرکە نمایش دەکرێت.»

«وایت بە دەستەوەیە هەندێک گەنمەشامی و کارامێل دەێتە ناوەوە.»

چۆنی لە گەڵ کرێمی کارامێل و پۆپکۆرن؟

جین: باشە. دەیخۆم.

وایت: لە ڕەفتارەکانی دایکم داوای لێبوردن دەکەم. دەتوانیت کەمێک...

جین: ئەو ئێستا لە شۆکدایە.

وایت: دەزانم. زۆربەی کات بەم شێوەیە...

جین: دڵنیام دایکت کەسێکی باشە. لە ناخی دڵەوە دەڵێم.

وایت: بە جدیتە؟

جین: بەڵێ ، بەڕای من هەموو مرۆڤەکان باشن و خۆشەویستن ئەگەر لە دۆخێکی باشدا بن. ئێستا دایکت لە دۆخێکی باشدا نییە.

وایت: ئەهم.

«کەمێک کارامێل و پۆپکۆرن دەخۆن.»

دەزانی بۆچی دایکم ناوی ناوم وایت؟

جین: نەخێر.

وایت: ڕەنگە پێت وایە لەبەر ئەوەیە کە لەگەڵ سەرۆک وایت هەم ناو بم. وانییە؟

جین: بەڵێ. ڕاستەکەی ناوت وایتە!

وایت: بەڵام ئەوە هۆکارەکە نەبوو. لەبەر ئەوە بوو کە دایکم هاوسۆزی سەرۆک وایت بوو. دایکم پێی وابوو کە ئەوە مافی سەرۆک وایت نییە کە بەو شێوەیە پشتگوێی بخرێت و بینێنە ئەولاوە، هەر بۆیە ناوی نام وایت.

بیر لەوە بکەرەوە کە ئەم هەڵبژاردنە چۆن دەتوانێت کاریگەری لەسەر منداڵێک هەبێت؟

جین: مەبەستت ئەوەیە لە ژیانتدا هەستت بە ڕەتکردنەوە کردووە؟

وایت: سەیرکە گۆردۆن هەمیشە بوو هەمووشتێک یەکەم کەس بوو. هەمیشە هەنگاوێک لە دواوە بووم.

جین: گۆردۆن بەڕاستی چی دەکرد؟

وایت: نازانیت؟

جین: ئمم...

وایت: ئەی ئەو کەسانەی لێرە دێن و دەچن؟ ئایا نازانن؟

جین: دەزانی. من بێ کەڵک بووم. شتێک وەک پەیکەرەیەک.

وایت: هێشتا لەوێ کار دەکەیت؟

جین: نەخێر. هەر کە گۆردۆن مرد، نامەی دەستلەکارکێشانەوەم نووسی.

وایت: کاری باشت کرد.

جین: بەڵێ. سەرۆکێکی باش بوو. بەبێ چاودێری گۆردۆن مەحاڵ بوو لەوێ کاربکرێت.

وایت: ئمم. باشە. ئێستا ئەتەوێت چی بکەیت؟ بۆ کارەکەت ؟.

جین: پێم وایە تۆ دەخەنە شوێنی من.

وایت: نەتگوت چی دەکەیت؟

جین: من لە مۆزەخانەیەک کار دەکەم.

**وایت: کارێکی بێزارکەرە، وانییە؟**

**جین: بەڵێ. بەڵام بۆ بەهێزکردنی یادەوەری باشە.**

**وایت: بەڵێ**

**«کەمێک کارامێل دەخۆن.»**

**دەتەوێت هەموو شتێک لەبیر بمێنیت. وانییە؟**

**وایت: بەڵێ. بۆچی؟**

**وایت: پێم وایە تۆ کەمێک سۆزداریت. بێگومان ئەوەش باشە. بەڵام وا دەکات گرنگی بە شتەکانی تر نەدەیت.**

**بێگومان کەس نایەوێت هەموو شتێک لەبیری بمێنێتەوە.**

**جین: بەڵام من حەزم لێیە. تەنانەت بیرەوەری کەسانی تریش.**

**وایت: لەو کاتەوەی ئەم کامێرا دیجیتاڵیانە و ئەم هەموو ئامێرە دیجیتاڵیانە هاتوون، کەس تاقەتی ئەوەی نییە هیچ شتێک لەبیربهێڵێتەوە. لەم سەردەمەدا خەڵک بە مۆبایل بە یەکتردەڵێن خۆشدەوێت، بەڵام ئەم خۆشەویستییە لە کوێ تۆمار دەکرێت؟ لە هیچ شوێنێکدا نییە. نووسین و تۆمارکردنی یادەوەرییەکان پێویستی بە کاغەز هەیە. کاغەز لەم ڕۆژانەدا زۆر بەکارناهێنرێت.**

**جین: بەڵێ واییە. بەڵام ڕەنگە دەبێت لە کەش و هەوا خۆی لەبیربمێنێت. بێگومان هەندێک جار.**

**وایت: هیوادارم بەم جورە بێت کە خۆت دەڵێیت. بەڵام من گومانم لێیە. سەیرکە من حەزم لە شتە ڕاستەقینەکانە. وەک کاغەز،چونکە لە دوکانێکی شتومەکی نووسین کار دەکەم.**

**جین: بەڕاستی؟ من زۆر حەزم لە شتومەکی نووسینە. نامە و بانگهێشتنامەش دەنوسیت؟**

**وایت: بەڵێ ئێمە دەنوسین.**

**جین: من زۆر حەزم لە بانگهێشتنامەکەیە. مادەی کاغەزەکە بە جۆرێکە کە هەستێکی باش دەبەخشێت. وەک کرێم وایە، بینیوتە؟کاغەزێکی ئەستوورە، کاتێک چاوەکانم دادەخەم، دەتوانم دەست لە وشەکان بدەم. پێم وایە کە بەهەشت دەبێ شتێک بێت لە پێکهاتەکانی ئەم بانگهێشتانەدا.**

**وایت: بەڵێ، کرێمییە و نەرم و قووڵە. وەک پێست یان .... هەمان بەهەشت کە وتت.**

**جین: تا ئێستا بانگهێشتنامەم بۆ کەس نەناردووە. بەڵام من دەمەوێت ڕۆژێک ئەم کارە بکەم.**

**«وایت دڵخۆش و سەربەرز دەردەکەوێت.»**

**«جین شەرم دەکات کە نهێنیەکی ئاشکرا کردووە.»**

**«هەردووکیان لە یەک کاتدا دەستیان دەخەنە ناو کێکی کارامێل و پۆپکۆرن و تێبینی دەکەن هیچ شتێک نەماوە.»**

**وایت: باشە. کێکەکە تەواو بووە. هێشتا برسیتە**

**جین: بەڵێ. کەمێک.**

**وایت: با بڕۆم شتێک بێنم بیخۆین. کەمێک سەوزی تێدایە.**

**جین: ئای کە من حەزم لە سەوزەییە.**

**وایت: زیاتر حەزت لە برۆکلییە یان کولەکە؟**

**جین: گرنگ نییە.**

**وایت: نەخێر پێم بڵێ کامیان؟**

**جین: هەردووکیان**

**وایت: باشە. دەبێت بچین هەندێکیان لە فرۆشگاکە وەربگرین. پاشان ڕەنگە چووینە سەیران و فرۆشگای شتومەکی نووسینمان بینی. بێگومان ئێستا داخراوە، بەڵام کلیلەکەم لایە.**

**جین: باشە باشە.**

**وایت: دایە. ئێمە دەچینە دەرەوە. خاتوو گۆتلیب**

**(بە دەنگی بەرز ناوی دایکی بانگ دەکات)**

**. دایکم لە ئێستادا هیچ دەمارێکی نییە**

**بەڵام باش دەبێت.**

**«لە دوورەوە دەنگێکی سەیر و تێنەگەیشتوو دەبیسترێت، دەنگێک هاوشێوەی قیژەی دەرگایەک یانناڵەی ئاژەڵێکی بریندارە.»**

**جین: ئەو دەنگە چی بوو؟**

**وایت: دایکم دەگری.**

**جین: بەڵام دەنگێکی وەک گریان نییە.**

**وایت: دەنگی گریانی کەمێک جیاوازە لەوانی تر. باش. باشترە بڕوین**

# دیمەنی شەشەم

فرۆشگای شتومەکی نووسین.

کۆگای کۆگا.

ڕووناکی شانۆکە کەمە.

جین و وایت بە چاوی داخراوەوە دەست لە کاغەزەکانی بانگهێشتنامەکە دەدەن.

جین: دەست لەم کاغزەیان بدە. وەک گەڵا وایە.

«وایت دەست لە کاغەزەکە دەدات.»

ئەم یەکەیان ڕەگەزێکی جیاوازی هەیە. ئەستوورترە، لە سفرە دەچێت. ئەم یەکەیان پشمینەیە.

«جین کاغەزەکە دەداتەوە بە وایت.»

سەیرکە ئەمانە جۆرە خۆشەویستەکانی منن. حەز دەکەم لەماڵێکی بچووکی ئاوادا بژیم.

«جین کاغەزەکە دەداتەوە بە وایت.»

وایت: خانوویەکی کاغەزیی .

«وایت دەست دەکات بە دروستکردنی خانوویەکی بچووکی کاغەزی.»

جین: ئای. وە ئەمیش وەک قژی لۆکراو وایە.

«وایت دەست دەداتە قژی ئاماژەپێکراو.»

وایت: دەتوانم قژت بوپلکە بکەم ؟

جین: چی؟ ئاها باشە

«وایت لە پشت جین وەستاوە و قژی دەگرێت.»

وایت: ببورە. ئایا بە توندی ڕامکێشا؟ ئازاری هەبوو؟

جین: نەخێر. ئەمە باشە. هەستێکی خۆشی هەیە.

گاڵتەیە،وا نییە؟

من هەرگیز مۆبایلم نەبووە.

نەمدەویست بەردەوام ئامادە بم.

مۆبایل وا دەکات هەمووان چاوەڕێی ئەوە بکەن کە هەمیشە ئامادە بیت

. هەندێک جار هەستێکی خۆشە کە بەردەست نەبیت.

. بەڵام زۆربەی کات مرۆڤەکان لەبیریان دەچێتەوە کە کەسانی دەوروبەریان دەتوانن گوێیان لە دەنگیان بێت لەکاتی قسەکردن بە مۆبایل.

تەنها هەفتەی ڕابردوو، ژنێک لە دەرمانخانەیەکدا لە مۆبایلەکەیدا خراپ و هەڵە قسەی دەکرد، بە هیچ شێوەیەک گرنگی پێ نەدەدا کە پیرێکی زۆر لەوێ بوون و گوێیان لە چەند وشەیەکی تایبەتی ناشرین دەگرت.

هەر بۆ هەموویان غەریبەە.

بەڵام کاتێک گۆردۆن مرد و مۆبایلەکەی یەک لە دوای یەک لە دوای یەک دەستی کرد بە زەنگ لێدان، بۆ ساتێک مۆبایلەکەی زۆر نازدار بوو بۆ من، وەک ئەوەی ئەو مۆبایلە تاکە شت بێت کە دەتوانێت گۆردۆن بە زیندووی بهێڵێتەوە،

و تا ئەو کاتەی خەڵک پەیوەندییان پێوە دەکرد ، ئەو لە ژیاندا دەمێنێتەوە، هەموو ئەو دەنگانە...

لە ڕاستیدا هەموو ئەو مۆلیکولانەی لە هەوادا بوون...

هەوڵیان دەدا پەیوەندی لەگەڵ گۆردۆن بکەن و... وەک ئەوە وابوو گۆردۆن لە هەمان فەزادا بێت و بتوانێت پەیوەندی لەگەڵ دەنگەکاندا بکات.

وایت: نازانم چەندی دەوێت تا کەسێکی تر پەیوەندی بە تەلەفۆنەوە بکات و تا ئەو کاتە دەبێت گۆردۆن نەمابێت.

جین: بەڵێ نازانم. بڕیارمدا تا لە ژیاندا بم مۆبایلەکە رووشن بێت، ڕەنگە کەسێک پەیوەندی بکات. بۆ نموونە هاوڕێیەکی دێرین. کەس چی دەزانێت.

وایت: تۆ حەزت لە براکەم بوو؟

جین: ڕاستگۆیانە ئەوەندە نەمدەناسی کە بزانم حەزم لێیە یان نا.

وایت: بەڵام بە جۆرێک پێدەچێت تۆ حەزت لێی بێت.

جین: زۆر لێک نزیک بوون؟

وایت: باشە. چەند ساتێکمان پێکەوە بەسەر برد. گۆردۆن کەسێکی زۆر...دەروونی نەبوو.

جین: یەکێک لە یادگارییەکانتم پێ بڵێ.

وایت: ڕۆژێک، کارەکتەری خەیاڵی بە ناوی ئاغای ئێکس دروست کرد و پێی وتم وەرە بچین بۆ دیداری ئاغای ئێکس.من زۆر پەرۆش بووم بە بینینی ئەم کارەکتەرە، بەڵام هەر کە ئاغای ئێکسم ناسی، گۆردۆن لە بەتانییەکەوە پێچامیەوە و پاڵی پێوەنام بۆ خوار پلیکانەکان.

جین: باش بیرەوەری خۆشیش لەبیرە یان نا؟

وایت: بەڵێ. بەڵام دەزانی... کەمێک قورسە بۆ من بیرم بێتەوە... جارێک کە لە نانخواردنی ئێوارەدا بووین و... گۆردۆن زۆر دڵخۆش بوو کە لەگەڵم بوو و... چی بڵێم... چ یادەوەرییەکە ...

جین: تۆ دەگریت؟

وایت: نەخێر من باشم.

جین: باشە. بالێی تێپەڕین. قژم چۆنە؟

وایت: زۆر جوانە. پێشتر قژم نەبەستووە.

«جین دەست لە قژی لۆکراوی دەدات.»

جین: باشە. بەڵام بۆ تەنها دوو بەشت کرد؟ کەواتە سێیەم بەشی کوا؟

وایت: چی؟

جین: سەیرکە، قژی لۆکراو بەزۆری سێ بەشە. وا دیارە پێچ و پەنا زیاتری هەیە، بەڵام جوانە. گرەو دەکەم ئەمە لە پێشووتر جوانترە.

وایت: بەڵێ جوانە. باشە...با نیشانت بدەم...

«هەوڵدەدات چونێتی قژی لۆکراوی پیشان بدات.»

«لە فەزای تاریکی پشت دوکانی نووسینگەکە دەموچاویان لە یەکتر نزیک دەکەنەوە و بۆ چەند ساتێک بە خۆشەویستییەوە سەیری چاوی یەکتر دەکەن.»

«مۆبایلەکە زەنگ لێدەدات.»

جین: دەبێت کێ بێت؟

وایت: وەڵام مەدەوە. خۆی کورتەنامە دەنێرێت. باشە?

جین: وشەی نهێنی مۆبایلەکەیم نییە. ناتوانم پەیامەکانی ببینم. ئەگەر وەڵام نەدەمەوە هەرگیز نازانم کێ تەلەفۆنی کردووە...

وایت: ژمارەی پەیوەندییەکانی هاتوو پاشەکەوت دەکرێت. باشە?

جین: باشە.

«مۆبایلەکە جارێکی تر زەنگ دەداتەوە.»

«ئەو دووانە بەردەوامن لە چاوپێکەوتنی خۆیان.»

«شتە نووسینەکان بە هێواشی و بە ئاماژەیەکی دیاریکراو دەجووڵێن، وەک ئەوەی لە نمایشێکدا بن.»

«گڵۆپ و خانوو (کە بەشێکن لە کەلوپەلی نووسین) لە کاغەزی چەسپاو دروست دەکرێن.»

«ڕووناکی دەکەوێتە سەر کاغەزەکە، جین و وایت شان بە شانی یەکتر پاڵکەوتوون.»

«گۆردۆن دێتە سەر شانۆ.»

«دەمی دەکاتەوە وەک ئەوەی بیەوێت شتێک بە ئامادەبووان بڵێت.»

«دیمەنەکە تاریک دەبێت.«وەستان و بێدەنگی»

# پەردەی دووەم

## «دیمەنی یەکەم»

## «دوا ڕۆژی ژیانی گۆردۆن»

**گۆردۆن (بۆ ئامادەبووان): ئەو بەیانییە لە خەو هەڵسام، هەمان ڕۆژ کە بڕیار بوو بمرم...دڵم شۆربای قەرقەوشێکی بە تامی دەویست.**

**دوشێکم گرت.**

**نانی بەیانیم خوارد.**

**هێرمیا هەمیشە لەو ساتەدا کە دەمەوێت دەست بکەم بە خواردنی نانی بەیانی، خواردنی نانی بەیانی خۆی تەواو دەکات.**

**هەندێک جار وا دێتە برچاوم کە زۆر بە شانازییەوە و بە شێوەیەکی سەیر نانی بەیانی دەخوات.**

**بە شێوەیەک خواردنەکەی دەجوێت وەک ئەوەی ئامۆژگاریت بکات، یان بەو شێوەیەی ڕاستەوخۆ دوای قووتدانی دوا گاز کە پشتم لێدەکات.**

**یان هەڵدەستێت و قاپەکانی دەشوات.**

**کێ دوایین گاز هێشتا لە دەم دایە قاپ دەشوات؟**

**بە جۆرێک، قاپەکان دەشوات وەک ئەوەی بیەوێت بە زووترین کات لە پاشماوەکان ڕزگاری بێت.**

**بەڕای من زۆر بە بێ ئەدەبی لەگەڵ پاشماوەکانی ڕەفتار دەکات.**

**بەپەلە لە ژێر بارانەکەدا ڕامکرد بۆ وێستگەی میترۆ.**

**بە بێ ماڵئاوایی،**

**چەترم پێ نەبوو.**

**بۆ ساتێک لە دڵی خۆمدا وتم با بگەڕێمەوە چەترکەم بێنم و ماڵئاوایی لە هێرمیا بکەم، بەڵام کە ئەو پشت لێ کردنیم ئەوم بیردێتەوە، پێم باش بوو بەبێ چەتر بمێنمەوە.**

**بینیوتانە لە ڕۆژانی باراناویدا وا مرۆڤەکان زیاتر لێک نزیک دەبنەوە، وە بۆ هەر کەسێک یەک چەتر پێویست ناکات، هەر چەترێک دەتوانێت سێ کەس داپۆشێت.**

**هەمووان بە دەنگی بەرز بە مۆبایلەکانیان قسە دەکەن و منیش لە دڵی خۆمدا دەڵێم ئەم کۆشکانەی مۆبایل لە کوێن؟**

**وەک ئەوە وایە لە ژێر زەویدا بتوێنەوە.**

**خەڵک لە پشت مۆبایلەکانیانەوە دەگرین و گوێم لە دەنگی پارچە شکاوەکانی خۆشەویستی دەبێت و لە دڵی خۆمدا بیردەکەمەوە، ئایا ئەوە مانای تایبەتی نییە؟**

ئایا هیچ کەرامەتێک بۆ مرۆڤەکان ماوە؟

گەیشتمە میترۆ.

ئەو شوێنەی کە ناوم ناوە گۆڕستانی چاوی مرووڤە کان.

بە بڕوای من کاتێک مرۆڤەکان سواری میترۆ دەبن، ڕۆحیان لە جەستەیان بەجێ دەمێنێت و چەند خولەکێک دەخایەنێت تا دەگەڕێتەوە بۆ جەستەیان، بەڵام بۆ نموونە سواربوونی ئەسپ بەو شێوەیە نییە، ڕۆحیش بە درێژایی گەشتەکە لە جەستەدا دەمێنێتەوە.

لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین فڕۆکەخانە و وێستگەی میترۆ زۆر لە دۆزەخ دەچن.

کاتێک مرۆڤ لەوێ بێت، زۆر لاواز دەبێت، وەک ئەوەی هەڵوەشابێتەوە.

هەموو کەسێك بە دوای ڕۆحی خۆیدا دەگەڕێت تا ساتێك دەدۆزێتەوە کە دەیەوێت لە بەردەم کەسانی تردا خۆی زیرەك و بەهرەدار پیشان بدات و ئەمەش ئەو ساتەیە کە دەتوانیت بۆردومانی ڕۆحیان بکەیت.

بێگومان من لەو کاتەدا ئەمەم نەدەزانی و لە ژێر هێرشی ڕیکلامەکانی کلینیکەکانی جوانکاری پێست لە میترۆدا نێژرابووم و بیرم لە فرۆشتنی بیلبیلەی چاو دەکردەوە.

مێشکم بە سەد بیرکردنەوە سەرقاڵ بوو:

کلینیکی پێست،

قژ،

باران،

چەتر......

هێرمیای بێژوو...

بسکیتی قەرقەوش و...

بێگومان مەبەستم ئەوە نییە کە بمەوێت ئەندامەکانی جەستەم بفرۆشم بۆ ئەوەی بژێوی ژیانم دابین بکەم.

وانییە.

گۆرانییەکی دڵتەزێنم بیست کە دەڵێت: لە وڵاتێکی ئاسیاییدا خەڵک ئەوەندە پێویستیان بە پارەیە کە پێویستیان بە گورچیلە نییە و ئامادەن بیفرۆشن.

بەپێچەوانەوە لە سیدنی کەسانێک هەن کە پێویستیان بە پارە نییە و بەدوای گورچیلە دا دەگەڕێن.

من ئەم دووانەم پێکەوە داناوە.

تۆ کەسێکی نەخۆشیت کاتێک مامەڵە لەگەڵ گۆرانییەکی لەو شێوەیە دەکەیت.

مەبەستم ئەوەیە بەڕاستی دەتەوێت گوێ لەم گۆرانییە گاڵتەجاڕانە  لە ناو مۆبایل بگرێت دوای حەوت ساڵ چاوەڕوانی فرۆشتنی ئەندامەکانی جەستەت؟

ئەوە خۆشەویستی یە؟

نەخێر.

ئایا بەڕاستی ئەمە دڵسوزییە؟

نەخێر.

من دەمەوێت وا لە خەڵک بکەم هەست بە باشی بکەن سەبارەت بە ئەندامە نوێیەکانی جەستەیان.

ئەوەی من پێی دەڵێم:

دڵسوزی گەمژانە.

چەند ئەندامی چێنراو هەیە ئەوەندەش مرۆڤ هەیە.

لەوانەیە ئەمە بەو مانایە بێت کە هیچ ئەندامێک لە شوێنی گونجاودا نییە و پێویستە کەسێکی پسپۆڕ هەموو شتێک بخاتەوە شوێنی خۆی.

یەک چەتر دەتوانێت لە یەک کاتدا سێ کەس بگرێتەوە.

پزیشکێکی چینی زۆر باڵای نەشتەرگەری هەبوو کە کاری دەرهێنانی ئەندامە چێنراوەکان بوو لە تەرمی مردووەکان، ئەو بەزۆری ئەم کارەی لەسەر زیندانییە سیاسییەکان دەکرد، تەنانەت پێش ئەوەی بە تەواوی بمرن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خوی نەخۆش بخات.

بێگومان ئێستا چووەتە نیوجرسی و بووەتە چێشتلێنەری سوشی.

ڕۆژێک چوومە ڕێستۆرانتێک کە ئەو لەوێ کاری دەکرد و خواردنەکەیم  خوارد، زۆر نایاب بوو، بە تایبەت خواردن  بە بێدەنگی زۆر بەتامترە،و زۆر چێژبەخشترە  .

لە کۆتاییدا بە زمانی چینی سوپاسم لیکرد، کەمێک ترسا

پێیان وایە ژاپۆنییە.

بە زمانی چینی پێم گوت: دەزانم تۆ ناتەوێت من و کەسی تر لە کارەکانی پێشووت بزانین.

ئەمەم وت و لە چێشتخانەکە هاتمە دەرەوە.

لەو کاتەوە زۆر لەوێ سوشیم خواردووە.

هەموو جارێک سکی  پێ دەدام.

سکی زۆر لە کلکی بە تامترە.

بەڵام ئەو ڕۆژە...

مەبەستم هەمان ڕۆژە کە مردم...

نەمدەویست شتێک بخۆم کە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤم بیربخاتەوە.

ئەو بەیانییە کە لە خەو هەڵسام، شۆربای قەرقەوشم دەویست.

دوای ئەوەی لە میترۆ دابەزیم، چوومە هەمان ئەو کافێیەی کە هەمیشە دەچوومە ئەوێ. بەڕێزان ئاشنای ئەو گارسۆنەی پشت کەوانتەرەکە بوو، کابرایەکی گەورە بوو کە پەنجەی زۆر گەورە بوو.

پێم گوت: شۆربای قەرقەوش دەخۆم.

وتی: بەداخەوە تەواومان کرد. باشە ئەوە پرسێکی گرنگ نەبوو، ڕۆژێک دێت شۆربایان تەواو دەبێت، ئەوە هیچ نییە، بەڵام نازانم بۆ ئەوەندە ناڕەحەت بووم لە کاتێکدا دەمتوانی بچم و ڕۆژێکی تر بگەڕێمەوە بۆ خواردن. پرسێکی بێ بایەخ بوو.

بەکورتی لێم پرسی: ئەگەر دە خولەك پێش ئێستا بەهاتایم، مابوو؟

گارسۆنەکە وتی: بەڵێ.

وتم: ئایا لێرە کەسێک هەیە کڕیاری بەردەوامی شۆربای قەرقەوش بێت؟

گارسۆنە زەبەلاحەکە وتی: بەڵێ

پرسیم: کێ؟

«ژنێک لە گۆشەی چێشتخانەکەی نیشان دام.»

« ژنێکی بێ ڕەنگ و دەموچاوێکی زەرد.»

«ژنێکی زۆر ئاسایی.»

وتم: ئێستا دەچم قاپێک شۆربا لێی دەکڕم.

گارسۆنەکە وتی: چی؟

جزدانەکەم دەرهێنا و سەد دۆلارم دەرهێنا، ئەمە ئەو ساتە بوو کە ژنەکە ویستی دوا قووت لە شۆرباکەی بخوات.

هێواش هێواش بەرەو ڕووی ڕۆیشتم لە کاتێکدا چاوەکانم لەسەر ئەو دوا قووتە بوون.

لە دڵی خۆمدا گوتم: نەفرەت لەم بەختە.

ئەمەش شۆربای نیسکە.

من هەمیشە ئەوەی لە ژیانمدا دەمەوێت بەدەستی دەهێنم، بەڵام ئەو ڕۆژە بەخت لەگەڵم نەبوو و تەنها شۆربای نیسکم دەستکەوت.

دەزانن شۆربای نیسک وەک شۆربای قەرقەوش بە تام نییە، بێگومان سوودیان هەیە، بەڵام تەنانەت دەمم ئاو نادات.

بە تۆش وانییە؟

کەمێک ئاوی هەیە، کەمێک برژاوە، گێزەری کوڵاوی هەیە.

هیچ شتێکی  بە شێوەیە سەرنجڕاکێش نییە.

نە باشە، نە زۆریش خراپە، شتێکی مامناوەند نییە، زۆر سەرنجڕاکێش نییە.

لەناکاو هەستم کرد فشارێک لەسەر دڵمە.

وەک ئەوە وایە باڵندەیەکی ترساو باڵەکانی لە سنگمدا لێبدات، ڕاستگۆیانە واهەستم

کرد ، خەریکە سزا دەدرێم.

کەسێک دەیەوێت لە ڕووسیا دڵم بە کەسێک بفرۆشێت.

بەخۆم دەڵێم... مۆبایلەکەت ببە و پەیوەندی بە ژنەکەتەوە بکە و داوای لێبکە پلانێکی جوانی ناشتنی بۆ ئەندامەکانی جەستەت ڕێکبخات، بەڵام ئەو تۆ ناناسێت.

بۆ بژێوی ژیانت ئەندامەکانی جەستەت دەفرۆشیت، بۆیە باشترە بانگی بکەیت و تەنهاماڵئاوایی بکەیت.

بەڕاستی شتێکی تریش هەیە: ئەو هێندە خۆشی ناوێت کە تەنانەت کاتێک لەسەر تەختی مەرگیشیت، بە تۆنێکی گونجاو قسەت لەگەڵ دەکات.

ئەو تۆنەی کە مرۆڤ حەزی لێیە بیبیستێت کاتێک لە دۆخێکی وادا دەبێت.

تۆنێکی هاوسۆزی وەسف نەکراو، تۆنێکی تەختی مەرگ.

«گۆردۆن تووشی جەڵتەی دڵ دەبێت.»

چیتر پابەند مەبە پێیەوە...

زۆربەی خەڵک لە کۆتا ساتەکانی ژیانیاندا واز لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارە دەهێنن، بەڵام هێرمیا نا...

تا دوا سات بە توندی پابەند دەبێت بەم ڕەفتارەوە و تەنانەت کەمێکیش غرور و خۆبەزلزانینی خۆی دەپارێزێت...

وە تەنها بەهۆی ئەم بۆشاییە ساردەوە کە هەمیشە ڕەفتارەکانی هێرمیا دروستی دەکات، ناتوانم ناوی لێبنێم.

نەخێر من نا.

حاڵەتێکی نائومێدی.

باشە بۆ خۆشەویستیم یان...

پێویستە تەلەفۆن بۆ دایکم بکەم، بەڵام نەخێر...

دایکم نا...

بە دڵنیاییەوە دەڵێت...

چ ڕێگایەکە بۆ مردن کوڕم!

لە کافە؟

نەخێر. دایە نەخێر... ئاها وایت؟

بەڵام پیاو هەرگیز لە سەر تەختی مەرگدا بانگی براکەی ناکات چونکە... نەخێر... پیاو لەم جۆرە ساتانەدا پێویستی بە دەنگی ژنێکە...

دڵم بە خێرایی لێدەدات و وا دیارە لە سنگمەوە دێتە دەرەوە و دەچێتە ناو دەممەوە و... بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەو زوولە هەموو شۆربای قەرقەوشەکەی خواردووە، بێگومان ئەوە تاکە گوناهی بوو...

من سەیری دەکەم...

وەک فریشتەیەک وایە...

وە لە زوول ناچێت...

لە دڵی خۆمدا بیردەکەمەوە...

ئەمە باشە...

ئەمە باشە...

خۆشحاڵم کە هەمووی خواردووە...

خۆشحاڵم.

«ڕووناکی سەر دەموچاوی گۆردۆن شێواوە.»

پاشان مردم.

«گۆردۆن جارێکی تر دەمرێتەوە و وون دەبێت.»

# دیمەنی دووەم

«جین و وایت لە پشتی دوکانی شتومەکی نووسین.»

وایت: خەونم بە تۆ دەبینی. خەونم بینی کە تۆ پیتی زZ بیت. پیتی چاپکراوی زZ.

جین: بۆچی زZ؟

وایت: دوو هێڵی دیاکۆن بەیەکەوە بەستراونەتەوە.

جین: ئای

وایت: ئەگەر ڕۆژێک لەیەکتر جیابووینەوە و نەمانتوانی یەکتر بناسینەوە، بۆ نموونە بەهۆی مردن یان شتێکەوە، لەبیرت بێت.

تەنها بڵێ زZ. واتە وشەی نهێنی ئێمە زZ یە.

جین: زZ

وایت: بەڵام با هەوڵ بدەین جیا نەبینەوە. سەیرکە جین، من١٨ کاتژمێرم دەوێت تا بتناسم. ئەی تۆ؟

تۆ ئەوەندت بسە. سەیرکە من و تۆ پارچەیەک لە ڕۆحمان گۆڕیوەتەوە...کەمێک لە ڕۆحی تۆ لە جەستەمدا وە کەمێک لە ڕۆحی من لە جەستەتدا..

.هەروەک چۆن چاکەتەکەم دڕاوە و یەکێک لە دوگمەکانیم لە تۆ قەرز کردووە. من... من تۆم خۆشدەوێت جین.

«مۆبایلەکە زەنگ لێدەدات.»

جێی بهێڵە. وەرمەگرن.

جین: لە چەند ساتێک زیاتری پێناچێت. (بۆ ئامادەبووانی پشت خەتەکە): سڵاو؟ئێستا وەستاویت یان دانیشتوویت؟دەزانم

لەوانەیە بەم هەواڵە سترێست لەسەر بکەم، هەر بۆیە پرسیار دەکەم. گۆردۆن مردووە..

وایت: جین؟ کێ لە پشت هێڵەکەوەیە؟

جین: ببورە تۆ؟ (بۆ وایت): یەکێکە لە هاوبەشە بازرگانییەکانی (بۆ پشت هێڵەکە): مەراسیمەکەی دوێنێ بوو.

بەڵێ مەراسیمێکی شکۆمەندانە بوو. گۆردۆن کاسۆلیک بوو، بۆیە مەراسیمەکە تایبەت نەبوو... شەرمەزارین... تۆش کاسۆلیکیت؟ بەڵێ...ڕاستە...مەبەستم...

وایت (بە چرپە): جین... وەرە ئێرە...

«دەنگی پشت دێرەکە سەرخۆشی لە جین دەکات.»

جین (به وایت): یەک خولەک چاوەڕوان بە، من بە مۆبایلەکەم قسە دەکەم.(بۆ پشتی دێرەکە): بەڵێ، سوپاس، بەڵام ئەگەر دەتەوێت پرسە و سەرەخۆشی پێشکەش بکەیت، پێموایە باشترین ڕێگە ئەوەیە کە تێبینییەک بۆ بنووسیت ،هێرمیا و هاریەت گۆتلیب بنێرن. ناونیشانەکەی ژمارە ۱۱۱ شەقامی شانک ڤێنیمە..

وایت (کە لە چرپەیەکەوە دەنگی بەرز کردەوە) "جین!

جین (بۆ وایت): وتم بە مۆبایلەکەم قسە دەکەم.

(بۆ پشت خەتەکە): ڕاستگۆیانە من هیچ لەبارەی ئیرادەی ژیانەوە نازانم... ببورە ئێستا دەبێ بڕۆم ڕۆژێکی خۆشت هەبێت.هیوادارم لەبری هەواڵی ناخۆش هەواڵی خۆش ببیستن. ماڵئاوا.

«تەلەفۆنەکە دادەخات.»

وایت: کێ بوو؟

جین: یەکێکە لە هاوکارە بازرگانییەکانی.

وایت: خۆ تۆ ناتەوێت خۆت لەم چیرۆکەدا تێوەگلێنیت.؟

جین: باشە وایت. هەموو شتێک ڕێکوپێکییە.

وایت:مەگەرقەدەغەم نەکردبوو لەگەڵ هاوکارەکانی گۆردۆن قسە نەکەیت؟

جین: تۆقەدەغەت کردبووم؟

وایت:وایت: مۆبایلەکە دابنێ. لە شوێنەکی نادیار، بەدبەختی و بەدشانسی دەهێنێت.

جین: ئەم مۆبایلە وایکرد من و تۆ پەیوەندی بکەین. لەبیرت چوتەووە؟

وایت: نەخێر. خۆت تێکەڵ بە مەرگ ومردن وئەم شێوەیە قسانە مەکە،تۆ زیندووی،بۆ ئەوەی بژی،من،تۆ، زیندوو بوون،ژیان،ژیان....

«مۆبایلەکە زەنگی لێدەدات.»

سەیرکە جین ئەگەر وەڵامی تەلەفۆنەکە بدەیتەوە، ئەگەر وەڵامی تەلەفۆنەکە بدەیتەوە...

جین: کەواتە چی ڕوودەدات؟

وایت: من.... زۆر لێت نارەحەت دەبم.

جین: وایت! دەبێت وەڵام بدەمەوە. هەندێک جار وا ڕوودەدات کە مرۆڤ حەزی لە برای خۆشی نییە.

«وایت کاغەزەکەی دەستی گەرمووڵە دەکات.»

جین: سڵاو؟

«جین لەگەڵ ئامادەبووان قسە دەکات».

(ڕووی وایت دەبێتەوە): هێرمیا، دەیەوێت یەک سەر بگەڕێتەوە بۆماڵەوە.

# دیمەنی سێیەم

**«هێرمیا و جین لەکاتی خواردنەوەی ئارامکەرەوە.»**

**هێرمیا:** هەندێکی ترم بۆ تێکە. مەترسە، درووستە ئارامکەرەوەیە، بەڵام من ڕاهاتووم، هیچم بەسەرنایێت، دەتوانم دوایش لێبخورم.

**جین:** دڵنیای؟

**هێرمیا:** بەڵێ. ڕواڵەتم زۆر سەرنجڕاکێش دەبێت ئەگەر سەرلێشێواو وتلاوتل بخوم و سەرم بکەوێتە سەر سوکانەکە . بەڵام دەتوانم

**جین:** باشە ئەگەر وابێت، ئەوە زۆر باشە، بەڵام دەبێت تەرکیز بکەیت بۆ قسەکردن. وا نییە

**هێرمیا:** بەڵێ. ڕاستە. تۆ دەزانیت. دوایین جار کە من و گۆردۆن پێکەوە خەوتین دە ساڵ لەمەوبەر بوو، ڕەنگە زیاتر لە دە ساڵ لەمەوبەر.

وا پیشانم دا کە کەسێکی ترم. بیستوومە زۆرێک لە ژنانیش هەمان کار دەکەن.تۆ چی؟ تا ئێستا شتێکی وات کردووە؟

**جین:** نەخێر.

**هێرمیا:** تۆ شتێک دەزانی جین؟من وا پیشانم دەدا کە کەسێکی ترم، بەڵام گۆردۆن خۆی بوو، بەڵام بەوەش هەر سەر و گوێی دەجووڵاند و هەوڵی دەدا پەیوەندی لەگەڵ مندا بکات، هەرچەندە پێی وابوو کە ژنەکەی (واتە من) لە ژوورێکی تردایە.

من (خۆشەویستەکی گۆردۆن) دەبوو بێدەنگ بم بۆ ئەوەی من (ژنەکەی گۆردۆن) گوێم لێ نەبێت، بیستومە گۆردۆن خۆشەویستێکی زۆری هەیە.

**جین:** هەڵبەت...هێرمیا: بۆتم گێراوە دوایین جار لە گەڵ گۆردۆن خەوتم، بەڕاستی حەزم دەکرد ڕاستگۆ بم و وەک دوو کەسی ڕاستەقینە . بەڵام سەری نەگرت و خۆم وا نیشان دا کە هاوکارم.

بۆیە بانگهێشتی نانخواردن و سەماکردنی کردم. ئەو شەوە، من (کە بۆ نموونە هاوکارەکەی بووم) بە پێچەوانەی ئاساییەوە، پشتێنم لەبەردا بوو (هەرچەندە خۆم هەرگیز پشتێن لە پشت ناکەم).

دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار تۆم بینی قەناعەتم هێنا کە شتێک لە نێوان تۆ و گۆردۆندا هەیە.بوویە دوای نانخواردنی ئێوارە خۆم وا نیشان دا کە تۆم و بەڕێکەوت وەڵامی دامەوە.جۆرێک لە پیلانگێری.

**جین:** بەڵێ...

**هێرمیا:** ئێستا کە سەرخۆشم ئەمەت پێ دەڵێم

**جین:** سەیرکە هێرمیا. دەمەوێت بزانیت هیچ پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوان من و هاوسەرەکەتدا نەبووە.

**هێرمیا:** کەواتە ئەم مۆبایلە نەفرەتییە لە دەستی تۆ دا چی دەکات؟

**جین:** من دوا کەس بم کە پێش مردنی لەگەڵی بووم.

هێرمیا: کەواتە بۆ؟ مەبەستم ئەوەیە لەوێ چیت دەکرد؟

جین: زۆر بە ڕێکەوت بوو.

هێرمیا: بۆ گۆردۆن زۆر ڕووداو و ناڕەحەتی دەهاتە پێشێ، بەڵام بەم شێوەیە نەبوو.

«مۆبایلەکە زەنگ لێدەدات.»

ئەو مۆبایلەم پێ بدە.

«هێرمیا مۆبایلەکە لە دەستی جین دەردەهێنێت.»

ئاه... نەفرەتت لە بێت پچرا.با بزانم هێشتا وێنەی پاپای لە مۆبایلەکەیدا هەیە یان نا؟

گەشتەکەی ڕۆما. چ قەرەباڵغیەک ،هەمووان دەیانویست وێنەیەکی دەموچاوی پاپای کۆچکردوو بگرن. گۆردۆن لە ناوەڕاستی ئەو جەماوەرەدا بوو. هێشتا گوێم لە دەنگی هەیە. هێشتا وێنەی ئەو ڕۆژەم لەبەردەستە. سەیرکە ئەوەتا لە گیرفانم دایە. سەیرکە .

هەر ئەمەیە. پاپای کۆچکردوو ئاه... هەستێکی ناخۆشم هەیە...

«مۆبایلەکە جارێکی تر زەنگ لێدەداتەوە.»

بڕیارمدا ئەم مۆبایلە نەفرەتییە بنێژم. هەروەک میسری کۆن.

جین: نەخێر.

«جین یاری بۆ مۆبایل دەکات. مۆبایلەکە بەردەوام زەنگ لێدەدات.»

هێرمیا: بەڵێ، منیش دەزانم. لە تەنیشت گۆردۆن دەینێژم. چەند ڕۆژێک لەمەوبەرلە هەواڵەکاندا خوێندمەوە لە بەلجیکا ،مردووشۆرەکە،لەبیری چووبوو کە مۆبایلی مردووەکە جیا کاتەوە ، لە ناوەڕاستی پرسەکەدا مۆبایلەکە بردەوام زەنگی لێ داوە

وە بنەماڵەکەی لە سەر کەمتەرخەمی سکاڵایان تۆمار کرد... جین تێدەگەیت؟

ئێستا دەبێت ئەم مۆبایلە بنێژن.لە قووڵترین شوێندا بینێژن،کە کەس نەتوانێت بیدۆزێتەوە..

«زەنگی مۆبایلەکە ناوەستێت.»

تا ئێستا لە ژوورێکی ئارامدا بە تەنیا بوویت؟

وە هەست بە دەنگی زەنگی مۆبایل بکەیت

بەڵام هەرچی بە دوای دا بگەڕێیت تەنانەت مۆبایلیکیش نادۆزیتەوە؟

لە کاتێکدا هەزاران مۆبایل لە جیهاندا هەن کە دەبێت بەردەوام گوێت لە زەنگی ناڕوونیان بێت،بە هیچ شێوەیەک ناتوانی بێدەنگی بکەیت.. وە دوای مردن...

دەبێت لە قووڵترین شوێندا بنێژیت.

جین: ببوره هێرمیا، بەڵام ناتوانم ڕێگەت پێبدەم بنێژیت، چونکە گۆردۆن پێش مردنی داوای لێکردم بۆ هەمیشە ئاگاداری لێ بکەم.

«هێرمیا مۆبایلەکە دەداتەو بە جین.»

هێرمیا: جین! ئایا دەزانی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی هەڵە چۆنە؟وە... بێگومان، لەوە خراپتر... ئێستا ئەو کەسە لە بنەڕەتدا هەڵەیە،... لەبری ئەوەی بیر لە کەسێکی تر بکەیتەوە، ژیانت بە هەوڵی خۆشویستنی ئەودا بەسەر بەرە.

چارلز دیکنز ڕستەیەکی هەیە؟ دەڵێت ئێمەی خەڵک بە گالیسکەی جیاواز دەڕۆین لە کاتێکدا لە ڕاستیدا یەکتر ناناسین.وە دواتر لە ساتێکدا کتێبی ژیانمان دادەخرێت و ئەوە تەواو.شتێک لەم پێکهاتانەدا. گوێت لێ بووە؟

جین: نەخێر.

جین: نەخێر. من نەمبیستوە.

هێرمیا: تۆ کێیت جین!!! تا ئێستا گوێت لە ناوی دیکنز بووە؟ ئای کیو؟ ڕستەیەکی وا بەناوبانگت نەبیستووە؟!

«هێرمیا دەگری.»

جین: هێرمیا. هەندێک شت هەیە کە پێویستە بزانیت.گۆردۆن پێش مردنی خەریکی نووسینی نامەیەک بوو تۆ بوو. ڕەشنووسەکەم لەسەر دەستماڵ کاغزی بینی،گەرمووڵە کرا بوو. ئەگەری زۆرە پێش ئەوەی ئەمبولانسەکە بگات. گارسۆنەکە فڕێی داون

هێرمیا: باشە چی نووسیوە؟

جین: ڕاستگۆیانە بە تەواوی لەبیرم نییە بەڵام دەتوانم کەمێکی باسی بکەم.

نووسرابوو: هێرمیای خۆشەویستم. من دەزانم من و تۆ هەرگیز وەک ئەوەی پێویست بوو پەیوەندیمان نەکردووە، ڕەنگە تەنانەت بۆ خولەکێک لە ڕۆژێکدا، کە زۆر بە دەگمەن لە نێوان ژن و مێرددا ڕوودەدات.

دەزانی ڕاستە زۆر جار ڕوونادات کەشێکی خۆش لەنێوان ژن و مێرددا دروست بێت، بەڵام بەگشتی ئەو کەمە کە ڕوودەدات هەستێکی بەهێز و بنچینەییە و هەموو ساتەکانی خیانەت و پشتگوێخستن و هەستی ناخۆشی تر دەسڕێتەوە .

سەیرکە هێرمیا، من بە تەواوی دەزانم کە لە سەردەمێکدا تەنانەت کاتێک پێکەوە خۆشەویستیمان دەکرد، مێشکت لە شوێنێکی تر بوو.

بەڵام باشە چەندین سات و ساتێکی تر هەبوون کە لە ژێر گەرمی خۆشەویستی و ئارەزووی ئێمەدا تاریکی دە ڕۆیشت وکاڵ دەبووە ...

وە لەو ساتانەدا من و تۆ پێکەوە بووین و ئەمەش واتە خۆشەویستی، واتە هەموو شتێک. گۆردن

هێرمیا: ئایا گۆردۆن دەیزانی؟

جین: بەڵێ، من پێم وایە.

هێرمیا: چی بڵێم...

**«لەم ساتەدا هێرمیا بە هەستێکی خۆش و خۆشەوە یادەوەرییەکانی ژیانی هاوسەرگیریی خۆی لەبیر دێتەوە.»**

**جین، دیارییەکی زۆر جوانت پێدام...**

**جین: بەو شتە دڵخۆشم.**

**هێرمیا: لە برابری دا چیت دەوێت بیڵێ**

**جین: من هیچم ناوێت**

**هێرمیا: دەزانی جین. تۆ منت بردەوە بۆ یادەوەرییەکانی دە ساڵی ژیانم پێکەوە لەگەڵ گۆردۆن.**

**تۆ دەزانیت! دوای ئەوەی لە گەشتە بازرگانییەکانی گۆردۆن بۆ ڕۆما و بابەتی ئەندامە جەستەیەکانم زانی، نەمتوانی خۆم قەناعەت پێ بکەم کە...**

**دەزانی... خەڵک هەرگیز لە گۆفارەکانی هاوسەرگیریدا دان بەوەدا دەنێن کە چۆن ڕقی سێکسی لە کەسێک دەتوانێت سەرچاوەیەکی ئەخلاقی هەبێت.**

**لە ڕاستیدا ئەوان تەنها دەیانەوێت دۆخەکە بگۆڕن...وە زۆر گرنگی بە ڕەگ وریشەکانی نادەن...**

**جین: ئەندامەکانی جەستە؟**

**هێرمیا: بەڵێ گۆردۆن و ئەندامەکانی جەستە... ئای چ شیعرێکی سەرنجڕاکێشە. تا ئێستا گرنگیمان بە ڕیتمەکەی نەدا...گۆردۆن، جەستە/**

**جەستە، گۆردۆن، هەڵبەت پیتەکانیان هاوشێوەنین...**

**جین: گۆردۆن... ئەندامی جەستەی مرۆڤی دەفرۆشت؟**

**هێرمیا: پێم وابوو تۆ دەزانیت؟**

**جین: باشە من ....**

**هێرمیا: باشە هەرگیز بیرت لەوە نەکردۆتەوە کە لە پاکەتەکەدا چییە؟**

**جین: ڕاستگۆیانە، نەخێر..**

**هێرمیا: زۆر سەرنجڕاکێشە!**

**سەیرکە زۆر داوای لێبوردن دەکەم کە ناچار بووم بیرکردنەوەت لەبارەی گۆردۆنەوە تێکبدەم. ڕاستگۆیانە هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە...هەمیشە بە هاوڕێکانمم دەگوت گۆردۆن خەریکی بازرگانی کڕین و فرۆشتندایە. یەکێک لەو حاڵەتە ناخۆشانەشم لەبیرە.گۆردۆن پیاوێکی بەڕازیلی ڕازی کردبوو کە گورچیلەکەی بداتە ژنێکی ئاسیایی، ئەویش گورچیلەی کەی بە پێنج هەزار دۆلار لێی کڕی و بە هەزار دۆلاری زیاد تر فرۆشت و دواتر ئەڵماسێکی زەردی بۆ کڕیم. وەک ئەوی کە دۆزیوتەوە، جووتەکەیان زۆر دەگمەنن. دوای ئەوەی کابرا بەبێ گورچیلە گەڕایەوە بەڕازیل پارەکەی لە فرۆکەخانەی ڕیۆ دزرا. بیری لێ بکەرەوە؟ ئەویش نامەیەکی دڵتەزێنی بۆ نووسیین و وێنەی جێ گورچیلە بەتاڵەکەی بۆ ناردین. وێنەکە لە دڵێکی شکاو دەچوو.**

جین: واو...

«مۆبایلەکە زەنگی لێدەدات. جین و هێرمیا سەیری یەکتر دەکەن. جین وەڵامی مۆبایلەکە دەداتەوە.»

جین: سڵاو

«مۆبایلەکە ڕادەگرێت و چەند چرکەیەک گوێ لە شتێک دەگرێت.»

«مۆبایلەکە دادەخات.»

وتی ئاماژەی بەوەشکردووە، گورچیلەیەکی لە بەرازیلەوە هەیە.پێی وتم بڕۆ بۆ باشووری ئەفریقا.بچمە فڕۆکەخانە. وتی گورچیلەکە لە قوماشێکی سوور بپێچە.هەرئەو قسەی کرد و تەلەفۆنەکەی داخست.

هێرمیا: چی؟

جین: ڕەنگە ئەمە قەرەبووی هەڵەکانی گۆردۆن بکاتەوە.

هێرمیا: زۆر درەنگ بووە. گورچیلە ، قژ، پێست ....هەموویان بوونەتە ئەڵقەی دەستم وە ئیکسسواراتەکانی حەمام ،ئەوەی دەبوو بکرێت کراوە.

جین: هێرمیا! مرۆڤێک چاوەڕێی گورچیلە دەکات. بە وایت بڵێ من لە جۆهانسبێرگەوە تەلەفۆنی بۆ دەکەم.

هێرمیا: چی؟ دەمانچەت هەیە یان نا؟

«بەڵام جین وەڵام ناداتەوە و لە دەرگای دەرچوون دەچێتە دەرەوە.»

# دیمەنی چوارەم

**«فرۆکەخانەی جۆهانسبێرگ.»**

**«جین چاوەڕێ دەکات.»**

**«کەسێکی غەریبەە دێتە ژوورەوە»**

**« ژنێکە کە جل و بەرگی وای لەبەر کردووە کە لە پیاو دەچێت،»**

**«هەروەها زاراوەی گۆڕاوە و ئێستا لەهجەیەکی هاوشێوەی خەڵکی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتە، کە تەواو جیاوازە لە لەهجەی نادیار ژنێکی جوان کە بەردەوام لە نێوان پایتەختەکانی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکای باشووردا گەشت دەکات.»**

**«مۆسیقاکە لە مۆسیقای فیلمە «نوئار» دەژەنرێت.»**

**«غەریبەە پۆشاکی باراناوی و چاویلکەی خۆری سووری لەبەردایە.»**

**«غەریبەە مۆبایلەکەی دەردەهێنێت و ژمارەیەک دەگرێت.»**

**«مۆبایلی جین زەنگی لێدەدات و جین وەڵامی دەداتەوە.»**

**جین: سڵاو**

**غەریبەە: سڵاو. من ڕاست لە پشت سەرتم.**

**«جین دەگەڕێتەوە و سەیری دەکات.»**

**غەریبەە: سەیری من مەکە.**

**«جین سەری دەسووڕێنێت.»**

**« هەردووکیان لەڕێگەی مۆبایلەوە  لە قسەکردن لەگەڵ یەکتربەردەوامن»**

**پارەکە بخەرە سەر ڕەفەی شتە ونبووەکان.دوای ئەوە مۆبایلەکە بکوژێنەرەوە و بیخە سەر ڕەفەکە.  پاشان سەیری کاتژمێرەکەت بکە.هەوڵبدە سەرلێشێواو دەردەکەویت.**

**پاشان دەروازەی گەڕانەوە بدۆزەرەوە، سواری فڕۆکەکە بە و بگەڕێوە بۆ وڵاتەکەت.**

**جین: لە ڕاستیدا دۆخی ئێستامان دۆخێکی خراپە.چونکە لە وڵاتی ئێمە تەنها لەبەرامبەر خۆشەویستی ئەندامەکانی جەستە دەبەخشین .سەیرکە مەبەستم ئەوە نییە کە وڵاتی ئێمە وڵاتێکی گەورەیە یان... بە هیچ شێوەیەک مەبەستم ئەوە نییە، بەڵام... دەزانی لە وڵاتی ئێمەدا یاساکان کەمێک سەیروسەمەرەن و تەنها دەتوانیت ئەندامی جەستە بۆ خۆشەویستی ببەخشیت .  باشە بەم شێوەیە سەختە.خۆشەویستی چۆن پێوانە دەکرێت؟  منیش دڵنیا نیم دەتوانیت خۆشەویستی بپێویت.لە هەر حاڵەتێکدا ئەگەر ئامادە بیت لە بەرامبەر خۆشەویستیدا گورچیلەکەت بدەیت، ، پەیوەندییەکەمان هێشتا لە شوێنی خۆیدایە، ئەگەر نا...ئامادەم لەجیاتی تۆ گورچیلەکەم ببەخشم.**

**غەریبە: چی؟**

جین: ڕاستت بیست. پێشنیارێکی باشم بۆتان هەیە. داوای لێبوردن دەکەم بە داخەوە کە هیچ پارەیەکم نییە بیدەم بە ئێوە.بەڵام لەبری ئەوە شتێکم بۆ دروست کردوون. یادگاریەک، چرایەک کە لە شێوەی گورچیلە دروست کراوە. من دەیدەم بە ئێوە تائەوکاتەی ڕووشن بێت ئەو کەسەی واگورچیلەکەت پێدا وە لە ژیاندا دەمێنێتەوە...

غەریبە: تەلەفۆنەکە دابخە. ئەوە بەڕێوەم.

«هەردوو مۆبایلەکە دادەخەن.»

«غەریبەکە لە جین نزیک دەبێتەوە.»

من دەمەوێت ژمارەکانی نێو مۆبایلەکەتم دەوێت.

جین: ناتوانیت ئەو ژمارانەت هەبێت.

غەریبە: ئامۆژگاریت دەکەم هەر ئێستا پێم بدەیت.

جین: هەر باسیشی مەکە.

غەریبە: یان دەیاندەیت بە من یان دەتکوژم.

جین: وەک وتم. ناتوانیت ئەو ژمارانەت هەبێت.

«غەریبە دەمانچەکەی دەردەهێنێت.»

غەریب: تۆ هیچ لە کارەکانی گۆردۆن نازانیت؟ دەزانیت؟ئەمە کارێکی نان وئاو دارە.

بۆ ئەمە خەریکی ژیانی خۆت دەخەیتە مەترسییەوە.

جین: نەخێر... تۆ بۆ ئەمە ژیانت دەخەیتە مەترسییەوە.

«جین لە ناکاو بە زەربەیەک لە غەریبەدەدات و دەمانچەکەی لێ وەردەگرێت.»

«جین لە بەشێکی تری قاچی غەریبەکە دەدات، توندی لێدانەکە بە جۆرێکە کە غەریبە لە ئازارەکەی خۆ ناگرێت و دەکەوێتە سەر زەوی.»

«جین سەری سوڕماوە لە بوێری خۆی...»

«غەریبەکە هێرش بۆ وەرگرتنەوەی چەکەکە دەبات و لە دەستی جین دەستێنێت.»

«غەریبە دەمانچەکە ڕوو لە جین دەکات.»

غەریبە: نامەوێت ئەمە بکەم جین. بەڵام تۆ ناچارم دەکەیت...

«غەریبە بە دەمانچەیەک لە سەری جین دەدات»« جین دەکەوێتە سەر زەوی.»

«چراکە دەکەوێت و دەشکێت.» «ڕووناکی شانۆکە دەکوژێتەوە ودێتەوە.»

# دیمەنی پێنجەم

**«جین و گۆردۆن لە کافێیەکدا دانیشتوون،بە شێوەیەک بینەر لە سەرەوە دەیانبینێت لە کوێ دانیشتوون.»**

**«دیمەنەکە وەک ئەوە وایە بەردەوام بێت و پەیوەست بێت بە یەکەم دیمەنی نمایشەکەوە، وەک ئەوەی جین و گۆردۆن ناچاربن یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەیان بۆ هەمیشە دووبارە بکەنەوە.«**

**«جین بە قاپێکی بەتاڵی سووپی لەبەردەمیدا دانیشتووە.»**

**«بێدەنگی.»**

**جین: پێت وایە دەتوانیت لە بەهەشتدا شۆربای قەرقەوش بدۆزیتەوە؟**

**«جین سەیری گۆردۆن دەکات.»**

**گۆردۆن:ئێرە بەشێکی تایبەتی دۆزەخە،کە بۆئەو کەسانەیە کە بازرگانی نایاسایی بە ئەندامەکانی جەستەدەکەن. وهەر وەها خۆشەویستەکانیان.**

**جین: گۆردۆن؟**

**گۆردۆن: من بە جدی بووم.کاتێک مرۆڤ دەمرێت ڕاستەوخۆ دەچێتە لای ئەو کەسەی کە زۆرترین خۆشی دەویست. تەنانەت ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سات و شوێنانەی کە خۆشی دەویست. جۆرێک لە هێڵی پەیوەندی و پەیوەندی ڕۆحی.لە ژیانماندا زۆرجار لەو شتانە دوورین کە خۆشمان دەوێن.وەک ئەوە وایە کات و شوێن بەردەوام هەڵە بکەن وئێروربەدات، بەڵام دوای مردن هیچ هەواڵێک لەبارەی ئەو ئێرور وهەڵانە نابینرێت.**

**هەر بۆیە ڕاستەوخۆ هاتی بۆ لام جین!**

**جین: ئەی ئەگەر ئەو کەسەی زۆرترین خۆشت دەوێت ، زۆرترین خۆشی نەوێی؟**

**گۆردۆن: هەوڵ مەدە لێی تێبگەیت. چونکە زۆر ئاڵۆزە. خەمی ئەم شتە میتافیزیکیانە مەخۆ.ئەگەر پەیوەندییەکی ڕۆمانسیت لەگەڵ سێ کەسدا هەبێت، هەر لەسەرەتای دروستکردنەکەتەوە، لەبری یەک جین، سێ جین دروست دەبوون.زۆر دەگمەنە ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی یەکتری پاک و تەواو بێت. واتە بۆ نموونە ئێکس عاشقی ئیگریک ، ئیگریکیش عاشقی ئێکس ، بەڵام زۆرجار ژیان بەم شێوەیە نییە، زۆرێک لە دایکان لە هەموو کەسێک زیاتر منداڵەکانیان خۆشدەوێت، بەڵام هەمان منداڵان لە هەموو کەسێک زیاتر باوکیان خۆشدەوێت، هەروەها هەمان باوکەکان سەگی خێزانەکەیان زیاتر لەوانی تر خۆشدەوێت.بێگومان دایک و باوکی زۆر باشیش هەن بۆ ئەوەی هەموو منداڵەکانیان بە یەکسانی خۆش بوێت، بەڵام ژمارەیان زۆر زۆر کەمە.**

**جین: ئەرکی ئەوانەی لە هەموو کەس زیاتر خوایان خۆش دەوێت چییە؟**

**گۆردۆن: نازانم. من تا ئێستا کەسانی وام نەبینیوە. بە دڵنیاییەوە دۆسیەکەیان جیاوازە. بە ئامێری جل شۆردنێکی جیاوازەوە دەڕۆن.**

**جین: ئامێری جل شۆردن؟**

گۆردۆن: سەیرکە. لێرە تەنها یەک دەست جل و بەرگت هەیە. هەرچۆنێک بە هەرشێوەیەک مردبێتیت، بۆ ماوەی هەفتەیەک دەتخەنە ناو ئامێری جل شۆردنەوە

شوێنێک کە دەبێت جلەکانت بە ڕووتی بشۆیت. کەمێک سەیرە...سەدان کەسی ڕووت وقووت گۆرەویەکانیان دەشۆن.

جین: تۆ خۆت زۆرترین حەزت لە کێیە وخۆشت دەوێ؟

گۆردۆن: خۆم. دەزانی بۆ کەسانی وەک من قەڵەمێکی تایبەت هەیە کە هەمیشە ئامادەیە بۆ نووسین، تا کەسێکی تر دەبینێت  دەچێتە ناو لیستەکەمانەوە . هەروەک چۆن تازە پەیوەندیت پێوە کرد. جین! تۆ بەختی گەورەی منیت.

جین: بەڵام هێشتا نەمردووم. تۆ درۆ دەکەی هەموو ژیانت درۆت کرد.

گۆردۆن: نەخێر تۆ بە درێژایی ژیانت درۆت لەگەڵ کردووم. تۆ ئەو هەموو درۆ جوانانەت بۆ من دروست کرد، وانییە؟جین! بەڕاستی بۆچی  ئەمەت کرد؟

جین: باشە بینیم کە تۆ مردوویت.من خۆم ڕووخسارتم بینی. تۆ تەواو بووبوویت،چاکەی تۆم دەویست.

گۆردۆن: ئای جین.

جین: ئای گۆردۆن.

گۆردۆن: من و تۆ زۆر لەیەک دەچین. هەردووکمان درۆ دەکەین بۆ ئەوەی یارمەتی کەسانی تر بدەین. تۆ بڕیارت دا یارمەتی مردووێک بدەیت چونکە تەنها مردووێک دەتوانێت ٪۱۰۰ باش بێت.بەڵام کاتێک مرۆڤ زیندووە، لەو ساتەوە و ئەوەندەی لە ماڵەکەی دووردەکەوێتەوە، چاکەکانیشی دەسڕدرێتەوە.. ژیان وەک خەتی برێل وایە بەڵام بە ڕەهەندی زۆر زۆر گەورەتر.

با لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، گوێ بگرە جین! مەسەلەکە ئەوەیە: من و تۆ وەک نۆکەکانی ئەو پەندە بەناوبانگەین، هەمان دوو نۆک کە لە یەدەچن وە هەمیشە پێکەوەن  و وە چەسپ پێکەوە چسپاوەن. ئەو زەنگانەی کە بۆ مۆبایلەکانمان لێدەدەن، ئەو ئەندامانەی کە دەفرۆشترێن،هەموو ئەمانە بەسەر هەردووکماندا دێت.

.ئێمە قاپی سەر ئاوین  کە دەسوڕێینەوە و...چاوەڕوانی پڕکردنەوە...بەچەمکەکان...ئێمە خۆمان دروستی دەکەین. ئەمە بۆ خۆی بەهرەیە وە سەرسامم بە تۆ بۆ ئەو بەهرەیە.

جین: نەخێر... ئێمە وەک یەک نین.تۆ مرۆڤەکان پارچە پارچە دەکەیت، هەست بە خراپی کارەکانت ناکەیت؟

گۆردۆن: لەو بارەیەوە هەست بە هیچ نیگەرانییەک ناکەم ، پارە، ئەندامەکان، بازرگانی... تەنها وەک ڕێگای کوشتنی عەقڵ وایە. ئیتر هیچ نیگەرانییەکم لە ئەندامەکانی جەستەی خەڵک نییە. تەنانەت پێویست ناکات چیتر لێم خۆش بیت. هەموویان وەک خۆیان و تەندروستن. تەنانەت ئەو شتە بچووکەم لەسەر بڕوانامەکەم واژۆ نەکرد. هەستم کرد کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە یاداشتە خۆکوژییەکە دەچێت...ئێستا...

جین: پێویستت پێیان نییە.

گۆردۆن: چی؟

جینز: هەڵیانگەرەوە وبیانبە. لە قوماشێکدا بیانپێچە و بیاننێرە بۆ ئەمریکای باشوور بۆ ئەو کەسە هەژارانەی کە ناچارن بیانفرۆشن.

**گۆردۆن: ئەگەر من ئەمە بکەم هەست بە باشتربوونت دەکەی؟ هاها**

**جین: بەڵێ، من پێم وایە.**

**گۆردۆن: باشە جین.**

**«گۆردۆن دەستی دەباتە ژێر کراسەکەی. هەوڵ دەدات گورچیلەکەی دەربهێنێت. هەوڵ دەدات بە دوو شێوازی جیاواز ئەم کارە بکات. پشت لە بینەران دەکات".»**

**من ناتوانم بیکەم جین. من ناتوانم.**

**ئاها، خەریک بوو بێتە دەرەوە.. هەست دەکەم لە دەستمدا دێت. یارمەتیم بدە جین. ناتوانم بە تەنیا بیهێنمەدەرێ، ئای چەندە لە پێستم توند بووە.**

**«ڕوو لە ئامادەبووان دەکات. ئەندامەکانی جەستەی هێشتا لە شوێنی خۆیانن.»**

**من ناتوانم.**

**جین: ئای خوایە گیان. چی ڕوویدا کە کۆتایی من تۆ بووی ؟ بۆچی دەبێت ئێستا لەگەڵ وایت لێرە نەبم؟ لە دوکانێکی شتومەکی نووسین.من وایتم خۆشدەویست. نەمدەویست؟ تەنانەت نازانم تۆ کێیت؟**

**گۆردۆن: تۆ حەزت لە منە، چونکە کاریزماتیکم، من لە وایت سەرنجڕاکێشترم، هەرچەندە بە ڕواڵەت مردبێتم.**

**کاتێک منداڵ بووم نزیکەی دوو چرکە لەم بارەیەوە هەستم بە تاوان کرد ، دواتر بووم بەو کەسەی کە دەیبینیت. ببورە جین.**

**پێویستە زۆر وریا بیت کە عاشقی کێ دەبیت و کەی و لە کوێ عاشق دەبیت. کافێیەکی بێزارکەر بۆ تەواوی عومەر؟ نەتتوانی شوێنێک بدۆزیتەوە کە دیکۆرێکی جوانتری هەبێت؟ یان شوێنێک کە لانیکەم کەش و هەوای تێدا باشتر بێت؟تا کۆتایی تەمەنت، لەم کەش و هەوایە هەورەدا؟!**

**جین: کاتێک ناتوانیت قسە بکەیت چێژ دەبەم. تکایە دەتوانی بۆ ساتێک وا نیشان بدەیت کە مردوویت؟**

**گۆردۆن: هەرچییەکت بوێت جین.**

**«گۆردۆن وا خۆی نیشان دەدات کە مردووە.»**

**«جین سەیری دەکات.»**

**«دەستی دەگرێت.»**

**«هەوڵ دەدات هەست بە خۆشەویستییەکی کۆن بکات بەرامبەری.»**

**«سەیری چاوەکانی گۆردۆن دەکات.»**

**جین: پێش مردنت سەیری چیت دەکرد؟**

**گۆردۆن: بە تۆ.**

جین: بە من؟

گۆردۆن: بەڵێ، تۆ دوا قووتت لە شۆرباکەم دەخوارد.

داوام لێکردی خۆم بیخۆیت.

هەر بۆیە چاوەکانم جوان دەرکەوتن...

چونکە پشکی خۆمم پێ دەدا،

ئەوان ڕاستیان دەکرد

کە خۆشەویستی ڕاست بە چاوەکاندا تێدەپەڕێت....

پێش مردنم تۆم بینی

بەڵام ئێوە منتان نەبینی.

کاتێک منت بینی، من پێشتر مردبووم و نەمتوانی بتبینم.

چاوەکانمان بەیەکەوە گرێدراون و دەتوانین تا کۆتایی جیهان سەیری چاوی یەکتر بکەین...

خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتر دەردەبڕن

جین: ئای خوایە گیان. واتە ئێستا مردووم؟

گۆردۆن: بەڵێ.

جین: هەستێکی ناخۆشی تەنیایی پێبەخشیم.

گۆردۆن: هێشتا دەتوانیت گوێت لە دەنگی کەسانی تر بێت.

گوێبگرە،

گوێبگرە،

دەنگەکان لە هەوادان:

«تۆمارێکی جین لەسەر شانۆ دەبیسترێت:»

ئایا دەبێت لەگەڵیدا بمێنمەوە؟

وا دیارە کەس لەم کافێیە کار ناکات.

جین (بۆ گۆردۆن): دەتوانیت لێرە گوێت لە مۆبایلەکان بێت؟

گۆردۆن: بەڵێ بەڵێ جادووگەری تاکە ئامرازی پەیوەندییە کە خودا دروستی نەکردووە

وە ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ئێستادا مۆدێرنترین تەکنەلۆژیای ڕۆژگارە.

ئەوەیە کە پێی دەڵێن مۆسیقا لە بۆشاییدا دەڕژێت... گوێ بگرە...

«مۆبایلێک زەنگی لێدەدات.زەنگێکی خۆشی هەیە.»

«خەڵک لەناو باراندا چەتربەدەست و قسەکردن بە مۆبایل بەڕێگادا دەڕۆن. بەشێک لە دوا گفتوگۆیان لە بۆشایی ئاسمانداییە.»

«جین گوێی لێدەگرێت.»

«پاشان خاتوو گۆتلیب دە ێتە ژوورەوە.»

خاتوو گۆتلیب: بێگومان ژمارەی منی هەیە، کوڕەمە. دایکی ئەوم؟ ئەوە کێیە؟گۆردۆن؟

«خاتوو گۆتلیب لە شانۆکە دەردەچێت.»

جین: گوێم لە دەنگی بوو.لە مۆبایلەکەتەوە دەهات. لە دڵی خۆمدا گوتم...مرۆڤ دەتوانێت چی بە دایکێک بڵێت دەربارەی کوڕە مردووەکەی؟

پێم گوت: ڕۆژێکی خۆش و دواتر خۆم لە گێلی دا.

گۆردۆن: ئای دایە،دایکە. تا مردنی تەنانەت بۆ ساتێکیش هەستی بە خۆشی نەدەکرد، بە هیچ شتێک ڕازی بوو،تەنانەت لەبارەی خۆشەویستییەکەی تۆ. ڕەفتارەکانی جۆرێک لە کۆمیدیا بوو.. هەرگیز تێنەگەیشتم کە ئایا بەڕاستی خۆشی دەویم یان نا.

گۆردۆن: نەخێر جین، درۆی کردووە.

جین: نەخێر درۆی نەکردووە. ئەگەر ووتبێتی تا ئەو ڕادەیە بووە کە شایەنی ئەوە بوویت. دایکت دەیگوت: "پێم وایە ئەمە کاری منە تا ئەو ڕۆژێ دەمرم ماتەمینی بۆ گۆردۆن بگرم."

گۆردۆن: بەڕاستی؟ ئایا بۆ من ماتەمینی دەگێڕا؟

«جین بە ڕەزامەندی سەری دەجولێنێت.»

تۆ چی دەڵێت؟ ئەو کەمترین خۆشی دەویستم.

«ڕوخساری گۆردۆن دەریدەخات کە چەندە حەزی لە دایکی بووە.»

جین: بەڵام دەموچاوت شتێکی تر دەڵێت...

گۆردۆن: چی دەڵێت؟

جین: دەڵێت زۆر خۆشت ویستووە. وانییەگۆردۆن؟

گۆردۆن: کێ؟ دایکم

«گۆردۆن نامێنێت. .......»

«وەک ئەوە وایە لەناو بۆرییەکدا مژرابێت و لە دۆزەخدا بچێتە لای دایکی.»

جین: گۆردۆن، گۆردۆن، بۆ کوێ چووی؟

«بێدەنگی.»

«جین دوای مردن بە تەنیایە لە جیهاندا، تابلۆیەکی ئێدوارد هوپەر (نیگارکێشێکی گەورەی ڕیالیستی ئەمریکی) هەڵواسراوە.»

چ بێدەنگییەکە باشترە بانگ لە وایت بکەم. مۆبایلە گەمژەکە دابگیرسێ .مۆبایل کار ناکات.باشە باشترە وا نیشان بدەم مۆبایلەکە ڕاستە.سڵاو وایت ئەگەر ئەم پەیامەت پێگەیشت ئەوە من بە تەنیام لەسەر هەسارەی خۆمم و ئەگەری ئەوە هەیە کە ناچار بم بۆ هەمیشە لێرە بمێنمەوە چونکە ئەو شەوە لەو دۆشکە تاریکەدا لە فرۆشگای شتومەکی نووسین پێم نەگوتی خۆشم دەوێیت ، من ترسام و ئەو مۆبایلە یش پەیوەندی کرد و ناچار بووم وەڵام بدەمەوە. تۆ هاوڕایت ؟(بە دەنگی بەرز) نەفرەت لە مۆبایل.

«مۆبایلەکە فڕێ دەداتە سەر زەوی و بە پێی لێدەدات تا بە تەواوی دەشکێت.»

«دوای ماوەیەکی زۆر ئەمە یەکەم جارە خۆی دەهێنێتە گریان.»

«دەنگی پەیوەندیکردن بە مۆبایل»

«دەنگی پەیوەندیکردن بە مۆبایل»

«جین دیار نامێنێت و بە هەمان جلوبەرگی پێشوو لە فرۆکەخانە دەردەکەوێتەوە.»

«هەروەها وایت دوای ئەو دەردەکەوێت.»

وایت: جین!

جین: واو وایت. نازانی چیم بەسەر هاتووە.

وایت: جین. پێم گووتیت هەرگیز نەدەبوو لەگەڵیان بچیت. ئایا قەدەغەم نەکردبوو؟

جین: تۆ ڕاستت کرد وایت. وایت! ڕاستت کردبوو. ئایا تۆ نامەکەمت پێ گەیشت؟ من لە هەسارەکەمەوە بانگم کردی.لەوێ زۆر سارد بوو.فەزای ئەوێ حتم لەبیریەتی، دەنگەکان بۆ هەمیشە لە بۆشاییدا دەمێننەوە.ئەوان گوێمان لێدەگرن. گوێت لە مۆبایلەکەم بوو؟

« ئاماژەیە بۆ دەنگی زەنگی مۆبایلەکە.»

وایت: واو. جین!

جین: ئێستا دەتوانین بچینەوە ماڵەوە؟  ئایا ئەوە مانای ئەوەیە گورچیلەکەم دەدەنەوە؟

پێت وایە ناسینی کەسێک یارمەتیت دەدات باشتر خۆشت بوێت؟دەهێڵم براکەت بڕوات.  ئیتر مۆبایلیشم نەماوە.. تەلەفوونم بۆ بکە ئازیزم.

«دەستی بە سەریەوە دەگرێت.»

وایت: (بە دڵەوە وبەخۆشەویستیوە دەیڵێت) جین، ئازیزم.

# دیمەنی شەشەم

«وایت جین دەباتە ماڵی دایکی.»

«خاتوو گۆتلیب خەریکە خواردنەوەیەکی کحولی دەخواتەوە.»

**وایت:** دایە! جین لە جۆهانسبێرگ گەڕاوەتەوە.

«وایت دەچێتە لای.»

«جین سەیری خاتوو گۆتلیب دەکات.»

**جین:** سڵاو. تۆ کێیت؟ دەمانچەکەت بخەرە خوارەوە. ئای وایت!

**وایت:** وەرە ئێرە و خواردنەوەیەک بخۆرەوە.

«جین کەمێک دەخواتەوە.»

**خاتوو گۆتلیب:** لەوەتەی تۆ ڕۆیشتیت زۆر شت ڕوویداوە جین. پێشنیاریان داوەکە هێرمیا جارێکی تر بەگەڕێتەوە سەر ستەیج.

**جین:** لەسەر ستەیج؟

**خاتوو گۆتلیب:** بەڵێ دیمەنێک کە بە بەفر و سەهۆڵ داپۆشراوە.

هێرمیا ئێسکیتکاربەرز لەئاستی جیهانی بوو. بەڵام گۆردۆن پێی وابوو کە سەمای هێرمیا لەسەر سەهۆڵ لەکاتێکدا ماکیاژێکی قورس دەکات جۆرێکە لە سووکیایتی و گەمژانە. هەر بۆیە هێرمیا بەهۆی مێردەکەیەوە وازی لە ئێسکیتکاری هێنا.

سەیرکە با شتێکت فێر بکەم: هەرگیز بەهۆی پیاوێکەوە شانۆ بەجێ مەهێڵە.

بەڵام ئێستا گەڕاوەتەوە سەر شانۆ و گەشتێک لە دانیمارک ئەنجام دەدات و دواتر دەچێتە سان خۆزێ.

«کەمێک دوورتر، هێرمیا خەریکی خلیسکاندنە بەئێسکیت.»

«دەنگی مۆسیقای خەمناک بۆ خلیسکێنەی سەر شەقام دەبیسترێت.»

وە ئەگەر تەنها بە یەک کەس دڵخۆش بم ئەوە کەسی تر نییە جگە لە هێرمیا.

وایت لە ئێستادا سەرقاڵی نووسینی چەند کتێب و شیعری سیاسییە بۆ چاپکردن وخەریکی پیت چینییە....

وا نییە وایت؟

پێم وایە ناوی ئەو لەلایەن حکومەتەوە خراوەتە لیستی ڕەشەوە.

**جین:** بەڵام من تەنها یەک ڕۆژ لێرە نەبووم...

**خاتوو گۆتلیب: نەخێر جین. تۆچەند مانگێک لیرە نەبوویت.**

**جین: ئەمە محاڵە.**

**خاتوو گۆتلیب: بۆچی و لەم ماوەیەدا، خزمەتکاری گۆردۆن، کارلۆتا، بردەوام بۆ لە کارەکە و دوای ئەوەی هاوبەش و هاوڕێکانی دۆزیەوە، ڕۆیشت.**

**«کەمێک دوورتر کارلۆتا بە مۆبایلەکەی قسە دەکات.»**

**جین: ئەوەیە؟**

**خاتوو گۆتلیب: چونکە گۆردۆن هیچی بۆ بەجێ نەهێشت، هەرچەندە دوانزە ساڵ کاری بۆ کرد. پێم وابوو گۆردۆن زیاترلەم قسانە بەخشندەتر دەبێت. دوای ئەوەی ئەو ڕۆیشت، تەنیا من لێرە مابوومەوە.**

**ئەو تەنها کوڕی من بوو. باشترە بڵێم... کوڕی گەورەم بوو. منداڵی یەکەم هەندێک جار وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە منداڵێکی تاقانە بکات...**

**وایت: دایە! چی بکەم بۆ ئەوەی باشتر بێت؟**

**خاتوو گۆتلیب: کۆمپرێسێکی ئاوی سارد و پارچە کێکێک.**

**جین: بەڵام حەز دەکەم ئێستا ستیکێک بخۆم.**

**خاتوو گۆتلیب: ستیك؟ پێم وابوو بە هیچ شێوەیەک گۆشت ناخۆیت.**

**جین: ئای کە زۆرم برسیە.**

**خاتوو گۆتلیب: کارمێن! ستیکێکم بۆ بکوڵێنە (بە دەنگی بەرز ) با نیوەی کوڵاو بێت.**

**جین: چی؟!**

**خاتوو گۆتلیب: (بەدەنگی بەرز): دەڵێم نیوە کوڵاوە، دەزانی چەند جارێک تەلەفۆنم بۆ گۆردۆن کرد، بەڵام دەنگی لەسەر تەلەفۆنەکە نەماوە، تەلەفۆنم بۆ ژمارە کۆنەکەی کرد، بەڵام دەنگی نەبوو.پێم وایە بەڕاستی مردووە.**

**جین: خاتوو گۆتلیب! دەبێت شتێکت پێبڵێم.**

**خاتوو گۆتلیب: بۆچی مەراسیمیان بۆ ساز نەکرد؟**

**جین: کاتێک گۆردۆن تێگەیشت کە تۆ لە هەموو شتێک زیاتر خۆشت دەوێت ،بەئەو بۆرییە دا سەرکەوتە سەر، بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لەسەر هەسارەکەت بژی .**

**خاتوو گۆتلیب: چی؟**

**جین: ڕوونکردنەوەیەکی قورسە. یەکێکە لەو شتانەی کە هەرگیز لێی تێناگەیت.**

**خاتوو گۆتلیب: گۆردۆنت بینی؟**

**جین: بەڵێ بینیم**

**خاتوو گۆتلیب:** تۆ لەو شوێنە بوویت کە ئەولەوێ بوو؟

**جین:** بەڵێ، ڕاست لەوێ

**خاتوو گۆتلیب:** وە پێت وایە ئێستا لەوێ چاوەڕێم دەکات؟ واتە لە بەهەشت چاوەڕێم دەکات. وایە؟

**جین:** ڕاستیەکی ئەوێش بە جۆرێک لە بەهەشت دادەنرێت. لەوێ ئامێری جل شۆردن هەیە.

**وایت:** ئامێری جل شۆردن؟

**خاتوو گۆتلیب:** ئەوە مانای ئەوەیە کە دەبێت خۆی لەوێ جلەکانی بشوات؟

**جین:** بەڵێ، ڕێک بەو شێوەیە.

**خاتوو گۆتلیب:** مەبەستت وەک سزایە؟

**جین:** نەخێر نا سزا نییە. سەیرکە ئێستا لەگەڵ ئێوەدایە...واتە لە ڕاستیدا چاوەڕێی ئێوە دەکات.

**خاتوو گۆتلیب:** تەنها چاوەڕێی من دەکات؟

**جین:** بەڵێ.

**خاتوو گۆتلیب:** کەواتە کەسی تر لەوێ نییە دڵنەوایی بکات؟

**جین:** نەخێر، نییە.

**خاتوو گۆتلیب:** گۆردۆن! گۆردۆن! ئەوە دێمە لات،من دێمە لات و دووبارە هەموو ئەو یاریانە دەکەینەوە کە تۆ منداڵ بوویت بەیەکەوە یاریمان دەکرد. بیرتانە کرمێکم لەسەر دەستم بوو؟ لەبیرتە ئێمە پێکەوە جاڵجاڵۆکەیەکمان گرت تا ئارامت بکەینەوە.. گۆردۆن! چاوەڕێی دایکت بکە. زۆرکات نابێت. بەم زووانە دێمە لاتان.

**جین:** نەخێر. سەبر کە.

**«خاتوو گۆتلیب بەرەو شوێنی مەبەست دەڕوات لەکاتێکدا شێعری ئەپراتی باڵەی"هەرگیز بە تەنیا ناڕۆیت" دەڵێتەوە. لەگەڵ پارچەیەک ستیکی کبابی خۆی فڕێ دەداتە ناو بڵێسەی ئاگرەکەوە، وەک ئەوەی خۆی بکاتە قوربانی، لەم ساتەوە نە دەیبینین و نە دەنگێک لێی دەبیستین.»**

**جین:** ئاگرەکە...ستیکەکە ئاگری گرتووە...واو...چ گریلێکی گەورەیە (باربیکیۆ) لە حەوشەی پشتەوە.

**ناتەوێت ڕێگری لێبکەیت؟**

**وایت:** نەخێر. هەردووکیان پێکەوە دڵخۆش و ڕازین. دایکم هەمیشە گۆردۆنی لە هەموو کەسێک زیاتر خۆشدەویست.

**جین:** هەرئەوە؟ ئایا ئەوە کۆتایی هاتووە؟

**وایت:** ماڵئاوا دایە.لە لاین منەوە براکەم ماچ بکە و دڵخۆشبە لەگەڵی.

**جین:** سەیرکە وایت. من دەمەوێت دڵنیا بم کە دەگەینە هەمان هەسارە کە تێیدا مردین. نامەوێت لە باخچەکەمداڵەکاتی قسەکردن لەگەڵ سەگەکەمدا بمرم .

بزانە چی دەڵێم وایت. با لە سەرەتاوە دەست پێ بکەین، با وەک یەکەم ڕۆژ یەکترمان خۆش بوێت..نەک ئەم خۆشەویستییە ئاساییە..ئەشقێکی سەیر، سەیرترین خۆشەویستی هەموو دونیا، من و تۆ پێویستمان بە سەیرترین خۆشەویستی هەموو دونیایە.

سەیرکە من دەمەوێت خۆپەرست بم بەرامبەرت، دەمەوێت بۆ هەموو شتێک خۆشم بوێت نەک تەنها بۆجوانییە سەرنجڕاکێشەکەت.

من دەمەوێت بەردەوام خۆشم بوێیت، کاتێک تۆست دروست دەکەیت، کاتێک پێڵاوەکانت بەر پێت دەکەون، تەنانەت کاتێک کە بە هەڵەیت، من دەمەوێت بە شێوەیەک خۆشم بوێت کە نەک هەر دوومان، بەڵکو هەموو خەڵکی بەهەشت.

تێبگەن..با یەکترمان خۆش بوێت بە پاکی.

وایت: باشە جین. هاوڕام. ئێمە دەیکەین. با یەکترمان خۆش بوێت. بە جۆرێک کە تەنانەت شایستەترینەکانیش نەگەنە پێم.

جین: مەبەستت چییە؟

وایت: شیعرێکە.

جین: خۆت وتت؟

وایت: هۆنراوەی جان داینە. (جان دان لە نامەکانمدا نیشانت دەدەم).

جین: لە ئێستادا؟

وایت: ئێستا نا. ئێستا کاتی دەربڕینی خۆشەویستییە.

«ڕووناکی شانۆکە وردە وردە دەکوژێتەوە.»

**«کۆتایی»**









